
کەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5822) پێنج شەممە 5ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



لەیادی 31 ساڵەی تۆمارکردنی داستانی خواکورک دا

چەند بابەتێک لەم ژمارەیەدا بخوێنەوە

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر دەکات

سەرۆک بارزانی نیگەرانی و تێبینییەکانی خۆی لەبارەی داهاتووی گەلی کورد لە سووریا بە شاندەکە راگەیاند



دوێنێ چوارشەممە 2019/9/4 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئۆلیڤییێ دیکۆتینی کونسوڵی گشتیی نوێی فەڕەنسا لە هەولێر کرد.

لە دیدارەکەدا کە سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێم و پاتریس لۆغوا جێگری کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا ئامادەی بوون، کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر، سڵاوی سەرۆک و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسای بە سەرۆک بارزانی گەیاند و خۆشحاڵیی خۆیشی بە بوونی شاری هەولێر کرد.

سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان و دەستبەکاربوونی حکوومەتی تازەی هەرێم نیشاندا و جەختیشی لە دۆستایەتیی نێوان گەلی فەڕەنسا و گەلی کوردستان کردووە. هەروەها ئەوەیشی بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند کە وڵاتەکەی بە ئیجابی سەیری باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات. ڕاشیگەیاند سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بەڵای فەڕەنساوە گرنگە و وڵاتەکەی ویستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و بەردەوامبوونی لە پاڵپشتیکردنی هەرێمی کوردستانی هەیە.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی کۆبووەوە و چەند بڕیارێکیشی لە بەرژەوەندیی هاووڵاتییان دەرکرد

سەرۆکوەزیران وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد کە پێش هاتنی وەرزی زستان نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتییان دابەشبکرێت

پێویستە پێش بارانبارین کەموکورتی ڕێگاوبانەکان چارەسەر بکرێن



دوێنێ چوارشەممە 2019/9/4 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا وەزیرانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕاپۆرتێکی بەرفراوانیان لەبارەی کێشە و گرفت و پێداویستییەکانی وەرزی خوێندنی 2019-2020 پێشکەشکرد.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بەوە کرد کە گرنگیدان و پێشخستنی بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا، لە کارە لە پێشینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت، ئاستی قوتابخانە و زانکۆکانی کەرتی گشتی بەرز بکرێتەوە بە شێوەیەک کە جیاوازی ئاستی نێوان قوتابخانە و زانکۆ حکومی و تایبەتەکان کەم بکرێتەوە.



دیندار زێباری: 853 داعشمان ڕادەستی عێراق کردووەتەوە

3



ئێسکەپەیکەرێکی دیکەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزرایەوە

6

فراکسیۆنی پارتی: داهاتی هەرێمی کوردستان دەخرێتە بەردەست پەرلەمانتاران



2

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لیژنەی سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر دامەزراندنی سندووقی نەوت و داهاتەکان دەکەنەوە و ئەندامێکی لیژنەکەش دەڵێ، هەموو هاووڵاتییان لە داهاتی کوردستان سوودمەند دەبن. جیهاد حەسەن، ئەندامی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان، بە مانچێری فەرمی پارتی ڕاگەیاندووە: دوای یەکلاکردنەوەی وەزیری سامانە سرووشتییەکان، پەرلەمانی کوردستان لەبارەی پرسی نەوتەوە لێکۆڵینەوە دەکات و هەموو وردەکارییەکانی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت بۆ خەڵکی کوردستان ڕوونەدەکەینەوە، هەرچەندە ئێستاش شتێکی شارەوا نییە و ڕوونە کە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان چەندە و چۆن خەرج دەکرێت.



ڤینیسیا یەکەم فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی سینەما

زیاتر لەلاپەڕەی هونەر بخوێنەوە



سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر

زیاتر لە 22 هەزار پارچە زەویی کارت تاپۆ دەکات

زیاتر لەلاپەڕە 7 بخوێنەوە

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر دەکات

سەرۆک بارزانی نیگەرانی و تێبینییەکانی خۆی لەبارەی داهاتووی گەلی کورد لە سووریا بە شاندەکە راگەیاند

ئۆلیڤییێ دیکۆتینی: فەڕەنسا ویستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و بەردەوامبوونی لە پاڵپشتیکردنی هەرێمی کوردستانی هەیە



دوێنێ چوارشەممە 2019/9/4 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئۆلیڤییێ دیکۆتینی کونسوڵی گشتیی نوێی فەڕەنسا لە شاری هەولێر کرد.

لە دیدارەکەدا کە سەفێن دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێم و پاتریس لۆغوا جێگری کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا ئامادەی بوون، کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر، سڵاوی سەرۆک و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسای بە سەرۆک بارزانی گەیاند و خۆشحاڵیی خۆیشی بە بوونی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان و دەستبەکاربوونی حکوومەتی تازەی هەرێم نیشاندا و جەختیشی لە دۆستایەتیی نێوان گەلی فەڕەنسا و گەلی کوردستان کردووە. هەروەها ئەوەیشی بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند کە وڵاتەکەی بە ئیجابی سەیری باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات. ڕاشیگەیاند سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بەڵای فەڕەنساوە گرنگە و وڵاتەکەی ویستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و بەردەوامبوونی لە پاڵپشتیکردنی هەرێمی کوردستانی هەیە.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی سیاسی سەرۆک و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسای کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ کونسوڵی تازەی فەڕەنسا لە هەولێر خواست. وێڕای ئاماژەدان بە پەیوەندی و دۆستایەتیی مێژوویی گەلی کوردستان و گەلی فەڕەنسا سیاسی سەرۆک و حکوومەتەکانی فەڕەنسای کرد کە لە ڕۆژانی تەنگانە و شەڕی داعشدا پاڵپشتی گەلی کوردستان بوونە و ئەوەیشی خستەڕوو کە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا هیچ سەقفێک بوونی نییە.

هەڕەشەی تیرۆر و بارودۆخی سیاسی و دواپێشهاتەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەروەها بارودۆخی سووریا چەند تەوەری تری ئەو دانیشتنە بوون و، سەرۆک بارزانی وێڕای دەربڕینی پاڵپشتیی خۆی بۆ دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک ماکرۆن لەمەڕ سووریا، نیگەرانی و تێبینییەکانی خۆیشی لەسەر بارودۆخ و داهاتووی گەلی کورد لە سووریا بە شاندی میوان ڕاگەیاند.

پەیوەست بە هەڕەشەی داعش و هزری تۆندڕۆیی سەرۆک بارزانی ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی داعش و هزری تۆندڕۆیی هێشتا چارەسەر نەکراون بۆیەشە مەترسیی بەهێزبوونەوەی تیرۆر لە ئارادایە.



پەرلەمانی کوردستان پارێزەرێکی ڕاسپارد بۆ تانەلێدان لە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، جوان ڕۆژبەیانی ڕایگەیاند: لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پارێزەرێکمان ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی تانەی یاسایی لە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق بدات و لە یەکەم هەنگاویشدا لە دادگای فیدراڵ دەستپێدەکات.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، جوان ڕۆژبەیانی گوتی: دوای تێپەڕاندنی یاساکە لە ئەنجوومەنی نوێنەران کە مافی ئاوارەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی تیادا پێشێلکراوە، بۆیە لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پارێزەرێکمان ڕاسپارد بۆ ئەوەی تانەی یاسایی لەو یاسایە بدات و لە یەکەم هەنگاویشدا لە دادگای فیدراڵ دەستپێدەکات.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، پارێزەری ڕاسپێردراو سەردار هەرکی ڕایگەیاند کە بریکارنامەی پەرلەمانی کوردستانی پێدراوە و لە ئەمڕۆ پێنجشەممەوە دەست دەکات بە ڕێکارە یاساییەکان. سەردار هەرکی ئاماژەی بەوەیشکرد کە هەموو بەندە یاساییەکانی ئەو یاسایە کە پەیوەستە بە خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان، ئەوا پێشێلکاریی یاسایی تیادایە، بۆیە دەکرێت لە ڕێگای دادگای فیدراڵەوە کاری لەسەر بکرێت.

فراکسیۆنی پارتی: داهاتی هەرێمی کوردستان دەخرێتە بەردەست پەرلەمانتاران



فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لیژنەی سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر دامەزراندنی سندووقی نەوت و داهاتەکان دەکەنەوە و ئەندامێکی لیژنەکەش دەڵێ، هەموو هاوولاتیبان لە داهاتی کوردستان سوودمەند دەبن.

جیهاد حەسەن، ئەندامی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان، بە ماڵپەڕی فەرمی پارتی ڕاگەیاندووە: دوای یەکلاکردنەوەی وەزیری سامانە سرووشتییەکان، پەرلەمانی کوردستان لەبارەی پرسی نەوتەوە لێکۆڵینەوە دەکات و هەموو وردەکارییەکانی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت بۆ خەڵکی کوردستان ڕوونەدەکەینەوە، هەرچەندە ئێستاش شتێکی شاردوا نییە و ڕوونە کە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان چەندە و چۆن خەرج دەکرێت.

ئەو ئەندامەی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان، کە هاوکات ئەندامی فراکسیۆنی پارتیشە دەڵێت: لە کۆبوونەوەی داهاتووی لیژنەی سامانە سرووشتییەکاندا، جەخت لەسەر دامەزراندنی سندووقی نەوت و داهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەکەینەوە، هەم ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی و هەمیش لیژنەی سامانە سرووشتییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێت پەلە بکرێت لە دامەزراندنی ئەو سندووقە. حەسەن ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: لە داهاتوودا هەموو داهاتی هەرێمی کوردستان دەخرێتە بەردەست پەرلەمانتاران، هەموو هاوولاتیانیش دڵنیا دەکەینەوە سوودمەند دەبن لە خێروبێری کوردستان و بە شێوەیەکی شەفاف مامەڵە بە داهاتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێت.

هێمن هەورامی: ڕەوشی کەرکووک ئاسایی نییە و زەمینەی هەڵبژاردن لەبار نییە

نەتەوەیەکگرتووەکان لەو هەوڵانە ئاگادار دەکەینەوە کە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەستووری هەرێم دەدرێن



هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، لەگەڵ نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان پرسی بێبەشکردنی ئاوارەکان لە مافی دەنگدان دەخەینەڕوو و نەتەوەیەکگرتووەکان لەو هەوڵانە ئاگادار دەکەینەوە کە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەستووری هەرێمی کوردستان دەدرێن. هێمن هەورامی، بە سەرۆکایەتی شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لە بەغدایە بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ساڵانەی یەکێتی پەرلەمانەکانی وڵاتانی خۆرئاوای ئاسیا.

بەگوێرەی کوردستان 24 هێمن هەورامی گوتیشی: کۆمەڵێک بەرنامەمان هەیە و پێمان خۆش بوو سەرۆککۆماریش ببینین، بەڵام بەهۆی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی دەرفەتی دیدارەکە نەڕەخسا و هەوڵمان ئەوەیە لەگەڵ نێردە پەرلەمانییەکانی دیکە کۆببینەوە و پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی وڵاتانی ئاسیا گەشە پێببەدین. هەروەها گوتی: ڕێکخراوی ئەی پی ئەی کە تایبەتە بە هەموو پەرلەمانەکانی ئاسیامان بانگهێشتکردووە، کۆبوونەوەی داهاتوویان لە هەولێر بێت و هەروەها داواشمان لە ئەمیندارای گشتیی پەرلەمانی عەرەبی کردووە، بەشداربین لەگەڵیان و بەیەکەوە هەماهەنگیمان هەبێت.

هێمن هەورامی ئاشکراشیکرد، لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆدەبینەوە و لەو میانەیەدا، ناڕەزایەتی دەردەبڕین بەرانبەر ماددەی 16ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە ڕێگە نادات لە کەمپەکان دەنگ بدرێت و داوای گەڕانەوەی ئاوارەکان دەکات. هەروەها باسی لەوەشکرد، لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لەو هەوڵانە ئاگادار دەکەینەوە، کە دەدرێن بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان. لە بارەی پرسی کەرکووکیشەوە، هێمن هەورامی گوتی: ڕەوشی کەرکووک ئاسایی نییە و زەمینەی هەڵبژاردن لە بار نییە. ئێمە داوا دەکەین ڕەوشی شارەکە ئاساییبکرێتەوە و کۆتایی بە دۆخی سەربازی لە شارەکە بهێنرێت و هەماهەنگی نێوان هەولێر و بەغدا هەبێت لە بواری ئەمنی بۆ پاراستنی کەرکووک لە مەترسییەکانی داعش و تیرۆر. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا هێمن هەورامی گوتی: پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی لە ستراتیژی حکوومەتی هەرێم دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و بەدیهێنانی دادوەری لە بودجە و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پرسی نەوت و سامانە سرووشتییەکان.

جوان زەنگەنە: بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان بەشێکی زۆری کەرکووکییەکان ناتوانن دەنگ بدەن

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت، ئەو دۆخەی ئێستای کەرکووک و یاسای هەڵبژاردنەکان زیانی گەورە لە کورد دەدات، چونکە هاوولاتییەکی زۆری کوردی کەرکووک لە دەنگدان بێبەش دەبن. جوان زەنگەنە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: هەڵبژاردن لە کەرکووک زەروورە بکرێت، چونکە لە ساڵی 2005ـەوە لەو پارێزگایە هەڵبژاردن نەکراوە، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە سەربازییەی ئێستا کەرکووکی تێکەوتووە و بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانیش بەشێکی زۆری کەرکووکییەکان بێبەش دەبن لە هەڵبژاردنەکان و ناتوانن دەنگ بدەن. جوان زەنگەنە گوتیشی: ئەگەر لەم دۆخەدا، کە لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە کەرکووک لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و ئیدارییەوە لاوازە و ناوماڵی کوردیش لە پارێزگاکە پەرتەوازەیە، هەڵبژاردن بکرێت، بەپێی ئەوەی کە یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان باس لە بەراوردی ناسنامە و فۆرمی خۆراک دەکات، زۆر کەس لە هاوولاتیانی کورد لە هەڵبژاردن بێبەش دەبن و، بەو شێوازە هەڵبژاردن بکرێت، زەرەرمەندی یەکەم کورد دەبێت. زەنگەنە گوتیشی: بەپێی یاسای نوێی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەنجوومەنی نوێی پارێزگای کەرکووک 14 کورسی دەبێت بە کۆتاکانیشەوە، داوا دەکەین ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ بەغدا بکرێت، مەرجی بەراورد لە نێوان فۆرمی خۆراک و ناسنامەدا لابدرێت، بە سەرژمێریی ساڵی 1957 کار بکەن و لە ڕووی ئەمنی و سیاسییەوە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئەنجوومەنی پارێزگا کارا بکرێتەوە، پارێزگار بۆ شارەکە دیاری بکرێت، ئەوکات هەڵبژاردن بکرێت. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، دەشڵێت: ئەگەر بێت و هەڵبژاردن بکرێت و کورد نیوە زیاتری کورسییەکان بەدەست نەهێنێت، ئەوە بەعەرەبکردن زیاتر دەبێت و ئەو ئەنجوومەنەش پەسەندی دەکات، پێشێلکاریی زیاتر بەرانبەر بە مافی کورد دەکرێت، وەک ئەوەی ئێستا کە پارێزگار لە شارەکەدا دەیکات.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/9/5 ژمارە (5822)

ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی کۆبوونەوە و چەند بڕیارێکیشی لە بەرژەوەندیی هاوواڵتییان دەرکرد

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا بە دابینکردنی پێداویستییە گرنگەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا

سەرۆکوەزیران وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد کە پێش هاتنی وەرزی زستان نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتییان دابەشبکرێت



پێویستە پێش بارانبارین کەموکورتیی ڕێگاوبانەکان چارەسەر بکرێن

دوێنێ چوارشەممە2019/9/4 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا وەزیرانی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ڕاپۆرتێکی بەرفراوانیان لەبارەی کێشە و گرفت و پێداویستییەکانی وەرزی خوێندنی 2019-2020 پێشکەشکرد. سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بەوە کرد کە گرنگیدان و پێشخستنی بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا، لە کارە لە پێشینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت، ئاستی قوتابخانە و زانکۆکانی کەرتی گشتی بەرز بکرێتەوە بە شێوەیەک کە جیاوازی ئاستی نێوان قوتابخانە و زانکۆ حکومی و تایبەتەکان کەم بکرێتەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا لیژنەیەک لە وەزیرانی پەروەردە، خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، دارایی و پلاندانان پێکبهێندرێت بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستییە گرنگەکانی وەرزی ئێستای خوێندن بۆ ئەوەی بەزووترین کات دابین بکرێن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، هەروەها وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد کە پێش هاتنی وەرزی زستان، نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان دابەشبکرێت کە سەرەتا لە ناوچە شاخاوییەکان دەستپێبکرێت.

هەروەها بەرنامەیەکیش دابندرێت بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیی ڕێگاوبانەکان پێش دەستپێکردنی بارانبارین.

ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها گفتوگۆی لەبارەی چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە وەزارەتی دارایی کرد، وەک بەرگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و ڕێکخستنەوەی کاری ژمێریاری یاسایی.

دیندار زێباری: 853 داعشمان ڕادەستی عێراق کردووەتەوە

800 هەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان ماون

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دیندار زێباری لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلو، ڕایگەیاندووە لە هەرێمی کوردستان زیندانی سیاسی نییە و هیچ سکاڵایەکیان لەسەر بوونی ئەشکەنجەدان لە زیندانەکان بۆ نەچووە، دەشڵێت کە 35 کەس لە هەرێم حوکمی لەسێدارەدانیان هەیە. ئەمەش بەشێکە لە گفتوگۆکە.



*** دوایین ژمارە و ئاماری ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان چەندە و چۆنە؟ پەنابەران چەند دەبن؟**

دیندار زێباری: بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە ژمارەی ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی لێرەن لە سەروو 800 هەزار کەسەوە دەبن، ژمارەی پەنابەران نزیکەی 250 بۆ 270 هەزار کەس دەبێت کە پەنابەرانی سووریا، ئێران و تورکیان و بەنیسبەت ئاوارەکانیشەوە زیاتر لە 500 هەزار کەس دەبن کە ئەمان زیاتر هی پارێزگا سوننەنشینەکانن، هەروەها پێکهاتەکانیشی لەخۆدایە، ئەو ئاوارانە هی نەینەوا، سەلاحەددین، دەروروبەری کەرکووک و هەروەها مەخموور.یش تارادەیەک هەن. لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 800 هەزار ئاوارە و پەنابەر هەن، لە ساڵی 2018دا،39 کەمیان هەبوون هی ئاوارە و پەنابەران، بەڵام پرۆسەی گەڕانەوەی خەڵک دەستیپێکرد، ئەگەرچی بەداخەوە تا ئێستا زۆرینەی ئەو خەڵکە لە کوردستان ماون و کەمپەکانیش هیچیان دانەخراون، هەمووی ماونەتەوە.

پێشتر نزیکەی یەک ملیۆن و 300 هەزار ئاوارە لە ساڵی 2017 لە هەرێمی کوردستان هەبوون، نزیکەی600 هەزاریان گەڕانەوەنەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، ئەمانە لە ناوچەی ناکۆکی لەسەریش هەبوون، بەشی زۆری ئەوانەی گەڕاونەتەوە هی مووسڵن و بەشێکیشیان هی سەلاحەددین و دیالە و ناوچەکانی دیکەن.

*** پەنابەران مافی پەنابەرێتییان نادرێتی ئەمە بۆ؟ لەگەڵ عێراق نەگەیشتوون بە چارەسەرێک بۆ ئەوەی مافی پەنابەرێتی بدرێت بە هاووڵاتییانی وڵاتانی دیکەی نیشتەجێبی هەرێم ئەوانەی داوا دەکەن؟**

دیندار زێباری: ئەم بابەتە پرسێکی سیادیی عێراقییە، هەروەها گرێدراوە بە بارودۆخی سیاسی، یاسایی و لایەنی دیکەی عێراقەوە، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان پێمانباشبووە ئەو بەڵێننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی هەن بەتایبەت ئەوانەی UNHCR و UN و جارنامەی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی پێمان باشە عێراق کە زۆرینەی ئەو ڕێککەوتننامانەی واژووکردووە ئەوانە ڕەچاو بکرێن لە یاسا نوێیەکانی عێراق، هاوکات پێمانباشە یاسا نوێیەکانی عێراق یان ئەوانەی لە دەرچوونداں ئەوە لەبەر چاوبگیرێت کە کەسانێک هەن زیاتر لە پێنج ساڵ دەبێت لە عێراق دەژین و لە زۆرینەی وڵاتانی بیانی ئەوە ئەو ماوەیە تەواو بکات لە وڵاتێکدا مافی داواکردنی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی هەیە. لە عێراق دەکرێت ئەو ماوەیە زیاد و کەم بکرێت، بەڵام ناکرێت ئەو مافە هەر نەدرێت، یان تەنها ئیستیسنائی بێت، بۆیە پێمان باشە دەستوەردانی سیاسی و شتی دیکە لە بابەتی ڕەگەزنامەی عێراق نەبێت و ئەم پرسە نەکرێتە پرسێکی سیاسی بۆ ئەو پەنابەرانەی کە داوای مافی ڕەگەزنامەی عێراقی دەکەن، ئێمە وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێمانباشە ئەو پەنابەرانەی کە چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستانن ڕەگەزنامەی عێراقییان پێ بدرێت.

*** حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند بڕە پارەی لە ئاوارەکان خەرجکردووە؟**

دیندار زێباری: گۆڕەیەکی زۆرە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە چەند شێوازێک خەرجیی هەبووە، بوونی کارمەند و کارەبا و زەوی و قەرەبووە و شتی دیکەشە، ئێمە لە ساڵانی2015 بۆ 2018 واتە لەو چوار ساڵە زیاتر لە سێ ملیار دۆلارمان خەرجکردووە. ئێمە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ گەڕانەوەی بەزۆری ئاوارەکان نین بۆ ناوچەکانی خۆیان، وەکو چۆن بە هیچ جۆرێک ڕێگر نابین لەبەردەم گەڕانەوەی ئەوان، حکوومەتی هەرێم بەزۆر کەس ناگەڕێنێتەوە، بەڵام گەڕانەوەی خەڵک بۆ ئەو ناوچانەی مەترسییان لەسەرە و ئێمە ڕێگرنین، بەڵام پاراستنی ژیانی هاووڵاتییانیش گرنگە، حکوومەتی هەرێم ناتوانێت بەزۆر یان بە ویستی کەسێک یان دوو کەس دەرگا بکاتەوە بۆ هەندێک ناوچە کە مەترسی ئەمنییان لەسەرە و مەترسی ئەوە هەیە ئەو خەڵکە دژ بە هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت لە هەندێک شوێن وەکو ناوچەکانی حەسەن شام و ڕەبیعە و ناوچەی دیکە وەکو ئەوەی قسە هەیە کە گوایە هەرێم و پێشمەرگە ناهێڵن ئاوارەکان بگەڕێنەوە، ئێمە تەنها تەحەفوزمان لەسەر سێ شت هەیە، خەڵکێک بگەڕێتەوە مەترسی لەسەر ژیانیان هەبێت، ئەو خەڵکەی دەگەڕێتەوە مەترسی ئەوەی لەسەربێت لە لایەن هەندێک لە شانە نووستووەکانی داعش و هەندێک میلیشیاتی توندڕەو دژبە هەرێم بەکاربهێنرێن کە پێشتر کراوە، سێیەم ئەوەیە ئەو خەڵکە بگەڕێندرێنەوە نەبێتە هۆی ناکۆکیی سەربازی لەو ناوچانە.

*** لە بابەتی ئامارەکانی پەیوەست بە ئەندامانی ڕێکخراوی داعشەوە ئایا چەند کەسیان لێ دەستگیرکراوە، چەندیان لێ ڕادەستی حکوومەتی عێراق کراونەتەوە؟**

دیندار زێباری: ئێمە ئەوەی داعش بووە و دەستگیرکراوە بە پرۆسەیەکی یاسایی و دادگاییدا تێپەڕیوە، لێکۆڵینەوەمان کردووە، ئەو دادگاییکردنەش بەپێی یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بووە، ئێمە وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی ئەو داعشانەی کە لە ساڵی 2017 و 2018 ڕادەستی حکوومەتی عێراقمان کردووەتەوە،853 داعش بوون، ئەوانە دەستگیرکراوبوون لە لای ئێمە و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی عێراق بوون، ئێمە لە دوای ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە بەردەوام بووین لە لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن تا کۆتایی لەگەڵ عێراق هاوکاربین لەم پرسەدا و بۆ ئەوەی دواتر ئەو پرۆسەیە خۆیان تەواوی بکەن و بەردەوامی پێ بدەن، بەشێک لەوانە لەژێر لێکۆڵینەوەدابوون و لێکۆڵینەوەکان تەواونەبوون. سەبارەت بە بەردەوامی ڕادەستکردنەوەی چەکدارانی داعش لە ساڵی 2019 و بۆچی ڕاوەستاوە لە ڕاستییدا ئەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە لایەک بەگشتی ژمارەی ئەوان کەمبووەتەوە کە لە لای ئێمەن، هەروەها ئەوە پێویستە لایەنی عێراق داوا بکات کە ڕادەستییان بکەینەوە.

سەبارەت بە کەسوکاری داعش، ئێمە دوو جۆرمان هەیە، بەشێکیان داعش بوون و گیراون و حوکمدراون، بەشێکشیان تۆمەتیان لەسەر بووە و دواتر بێ بەری دەرچوون و ئازادکراون، سەبارەت بە جیاکردنەوەی کەسوکار و ئاوارەکانیش ئێمە جیامان نەکردووەتەوە کە ئەمانە کەسوکاری داعشن یان نا، ئێمە لێکۆڵینەوەمان کردووە ئەوانەی هەڕەشەبوون بە تۆمەتی ئەوەی دەستیان لەگەڵ داعش هەبووە چاودێریکراون و ئەگەر ڕاست دەرچووبێت ئەوا دەستگیرکراون، بۆیە ئێمە کەمپێکمان نییە لە هەرێمی کوردستان کە کەسوکاری داعش بن، ئەوانە لە شوێنەکانی دیکەی عێراق هەن.

*** ئەی چەندیان هێشتا لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان ماون؟**

دیندار زێباری: ژمارەی ئەوانەی هێشتا لە هەرێمی کوردستان گیراون و تۆمەتی تیرۆریان لەسەرە 677 کەسن کە ژمارەیەکیان منداڵ و ئافرەتن، هەروەها دەبێت باس لەوەیش بکەین کە لە ساڵی 2016 بەدواوە چەندین هاووڵاتی بیانی بەتۆمەتی پەیوەندییکردنیان بە تیرۆرەوە دەستگیرکراون و ڕەگەزنامەی تورکیا، سووریا، ئێران، چیک، ئەمەریکا، جەزائر و ژمارەیەک وڵاتێکی دیکەیان هەبووە، ئەوانە بەتۆمەتی پەیوەندییان بەداعشەوە دەستگیرکرابوون و ڕادەستی وڵاتەکانیان کراونەتەوە کە بەمشێوەیەبوون؛ 15یان تورکی و سێ ئەڵمانی و سێ ڕووسی و دوو ئازەربایجانی، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی بەڕەگەز ژاپۆنی کۆسوکی سۆنیۆکا.

*** لە هەرێمی کوردستان چەند کەس حوکمی لەسێدارەدانیان هەیە؟**

دیندار زێباری: ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان حوکمی لەسێدارەدانیان هەیە بە شێوەیەکی گشتی دەگاتە 35 کەس بەوانەیشی کە داعشن، زۆرینەی ئەوانە تۆمەتی تیرۆریان هەیە، بەڵام ئەم حوکمانە جێبەجێ نەکراون و لە ساڵی 2008وە یەک دوو حاڵەتی دەگمەن نەبێت لە هەرێمی کوردستان لەسێدارەدان جێبەجێ نەکراوە. نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەستخۆشی لە هەرێمی کوردستانیش کردووە لەوەی لەسێدارەدانی ڕاگرتووە، عێراقیش داوای نەکردووە ئەو حوکمە بگەڕێنێنەوە.

*** ئایا هەرێمی کوردستانیش داوای کردووە کە وڵاتان داعشەکانیان بەئەنوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە هەڵگری ڕەگەزنامەکانیانن؟**

دیندار زێباری: ئێمە ئەو ژمارە زۆرەمان لە لا نییە، ئێمە پێشتر ژمارەیەک بیانیمان هەبووە و بەهەماهەنگی لەگەڵ باڵیۆزخانە و کۆنسوڵخانەکانیان ڕادەستی وڵاتانی خۆیان کراونەتەوە کە نزیکەی30 کەس کەمتر بوون، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئەو داعشانەی ماون و بیانین لە عێراق ڕادەستبکرێنەوە، بەڵام هەیە دوو ڕەگەزنامەیان هەیە یەکێکیان عێراقییە ئەمانە پێویست ناکات ڕادەست بکرێنەوە.

*** دەگوترێت بەشێک لەوانەی دەستگیرکراون یان خۆیان ڕادەستکردووەتەوە لە ئەندامانی داعش ئەشکەنجە دەدرێن، بەتایبەت ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان باس لەم شتە دەکەن و دەڵێن بەزۆر گوتەیان لێ وەردەگیرێت؟**

دیندار زێباری: نەخێر شتی وا نییە، سەدان کەس لە داعشەکان خۆیان ڕادەستی هەرێمی کوردستان کردووە و لەو کاتەی خۆیان ڕادەستکردووەتەوە دانیان بەوەدا ناوە کە داعش بوون، ئێمە سنووردارێکی زۆرمان لەگەڵ داعش بووە و خەڵکێکی زۆر خۆی ڕادەستکردووەتەوە، ئێمە لێکۆڵینەوەمان هەبووە و بەپێی زانیاری ڕاست و دروست و بەڵگەی لێکۆڵینەوە و سەردانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەو شوێنانە هەبووە، خودی خاچی سووری نێودەوڵەتی ئامادەگیی لە زیندانی و چاکسازییەکان هەبووە، هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژمارەیەک کەیسدا پارێزەربینی گرتووە بۆیە ئەوان ئاگادارن و بەشێک لە کۆنسوڵخانەکانیش بەدواداچوونیان کردووە بۆ ئەو بانگەشانە و ئێمە پێویستمان بەوە نەبووە ئەشکەنجەی کەس بدرێت یان بەزۆر گوتەیان لێ وەربگیرێت، ئێمە زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر سنووրمان لەگەڵ داعش هەبووە و نزیکبوونین لە ڕووداوەکان، بۆیە شتەکان ڕوون و ئاشکران.

*** چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ڕۆژی جیهانی بێ سەر و شوێنان بوو لە هەرێمی کوردستان چەند بێ سەروشوێن هەیە؟**

دیندار زێباری: زۆر جار باسمان لەوەکردووە لە هەرێمی کوردستان هیچ زیندانێکی نهێنی نییە، داوامان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکان و زۆر لە وڵاتان کردووە ئەوانەی ڕەخنەیان هەبووە کە یارمەتیدەر بن ئەگەر شتێکی وا هەبێت، ئێمە تەحەدا دەکەین کە لە هەرێمی کوردستان شتێک بەناوی زیندانی سیاسی نییە، نەوەک هەر ئەوە زیندانیی سیاسیشمان نییە، ئەوانەی بێ سەروشوێنن لە نەوەدەکان و پێشتر و لە بەرگریی لە هەرێمی کوردستان و ناکۆکییەکانیش بێت وەکو ئامار شتێکی وامان لەبەردەست نییە بەناوی بێ سەروشوێن.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
پێنج شەممە 2019/9/5 ژمارە (5822)
www.xebat.net
خەبات





شاندی پەرلەمانی کوردستان لە بەغدا چەند دیدارێکی ئەنجامدا

پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات

لە درێژەی سەردانەکەی بۆ شاری بەغدا، دوێنێ چوارشەمە 2019/9/4 شاندی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و یاوەریی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان سەردانی حەسەن کەعبی جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی کرد.

لەدیدارێکدا بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرا و جەخت لەسەر پێویستیی پێکەوە کارکردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرایەوە. حەسەن کەعبی باسی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراقی کرد لە هێنانەکایەی ئاشتەوایی لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کوردستانی لە بەغدا بۆ ئەم ئاشتەواییە بەرزنرخاند.

لەلایەن خۆیەوە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمەی کرد و تێڕوانین و ستراتیجی پەرلەمانی کوردستانی بۆ هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراف بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا خستەڕوو و ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانێ نێوان هەردوولا بەپێی دەستووری عێراق دەکات، گوتیشی: بۆ ئەوەی شەریکێکی ڕاستەقینە بین پێویستە ئەو یاسایانەی کە ڕەهەندی نەرێنیان هەیە تێپەڕ نەکرێن، هەروەها نیگەرانیی پەرلەمانی کوردستانی سەبارەت بەمادەی 16ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان گەیاندە جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و داوایکرد ئەو مادەیە چارەسەر بکرێت و هەموار بکرێتەوە، کە بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر لە ئاوارەکان مافی دەنگدانیان لەبەرەدەم هەرێمی کوردستاندا لێکرا. لە دانیشتنێکدا کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تاوتوێکران و جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی دەستوور کرایەوە و هێمن هەورامی سەرۆکی شاندی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: ئەو شاندەی پەرلەمان نوێنەرایەتیی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکات و لە ئێستادا چانسێکی گەورە هەیە بەغدا پێشوازیی لێبکرێ و بودجە و نەوت و گازدا.

هەروەها شاندی پەرلەمان پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە 4ی ئەیلولی 2019 سەردانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە بەغدا کرد و لە لایەن د. ئومێد سەباح سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و فارس عیسا نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە بەغدا پێشوازیی لێکرا و باسی لە گفتوگۆکانیان کرد لەسەر کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە بودجە و نەوت و گازدا و ڕایگەیاند: پێویستە هەردوو لا بەرپرسیارێتی خۆیان هەبێت و بەرژەوەندیی گشتی لە پێش بەرژەوەندیی تاکەکەسی و حزبی خۆیانەوە دابنێن.



وەیسی سەعید وەیسی، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان بۆ خەبات:

حکوومەت و پەرلەمان پاڵپشتی پڕۆژەی چاکسازی دەکەن

هەوڵدەدەین مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە هاوتای مووچەی هێزە سەربازییەکانی عێراق بکرێت

گفتوگۆی/عەلی بانیشاری

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: کار لەسەر یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەین. لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (خەبات) وەیسی سەعید وەیسی، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا دەڵێت: لەسەر ئەو گلەییانەی لە پێوەری ئاوی ماڵان هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بانگهێشتی لیژنە دەکەین. لەبارەی پرۆژەی چاکسازیشەوە ناوبراو دەڵێ: سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ پرۆژەی چاکسازین و حکوومەت و پەرلەمانیش پاڵپشتی دەکەن. وەیسی سەعید باس لەوەش دەکات داوایان کردووە ئەو سزایەی کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە بۆ نەبەستنی پێوەری ئاوی ماڵان دانراوە، لەم قۆناغەدا رابگیرێت.

وەیسی سەعید وەیسی دەڵێت: هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی جێگەی ئومێدن. ئەو هەروەها دەشڵێت: حکوومەت نییەتی چاکسازی هەیە و مەبەستیەتی چاکسازی ڕیشەیی ئەنجامبدات. ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات پێش چەند مانگێک لەمەوبەر حکوومەت کۆمەڵێک بڕیاری دەرکردووە کە پێشانی دەدات دەیەوێت بە کردەیی گەندەڵی بنبڕ بکات. وەیسی سەعید گوتیشی: هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ چاکسازی و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی دڵنیایی دەداتە خەڵکی کوردستان و ئومێدیان پێ دەبەخشێت.

ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە لە وەرزی نوێدا کە وەزیری یاسادانانە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی بۆ پرۆژە یاسای چاکسازی دەکات و پەسەندیشی دەکات. وەیسی سەعید وەیسی دەشڵێت: حکوومەت و پەرلەمان پاڵپشتی پرۆژەی یاسای چاکسازی دەکەن. باسی لەوەشکرد سەرجەم حزبەکانی کوردستان لەگەڵ ئەوەن چاکسازی ڕیشەیی مووچەی خانەنشینی پلە تایبەتەکان و دەرمالّە و ئیمتیازات بکرێت و لەپێناو سەرخستنی ئەو پرۆژەیاسایەشدا پەرلەمانی کوردستان کاری خۆی دەکات، چونکە سەرجەمی هاوڕەگەزانی هەرێمی کوردستان ئەوەیان دەوێت. ئەندامەکەی لیژنەی دەستپاکی هەروەها دەشڵێت: گازندەیەکی زۆر مووچە و دەرمالّەی پلە تایبەتەکان و خانەنشینان هەیە و پێویستە ئێمەش لەگەڵ داواکاری هاوڕەگەزانی کوردستان بین.

لەبارەی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەش؟ وەیسی سەعید وەیسی دەڵێ: بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدەین هێزەکانی پێشمەرگە یەکبخرێنەوە و بەنیشتیمانی کوردستان کاری خۆی دەکات، گەندەڵی دڵنیایی دەداتە خەڵکی کوردستان و ئومێدیان پێ دەبەخشێت.

ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە لە گفتوگۆکانیان بکەین تا گفتوگۆ بکەین و بگەینە ڕێگە چارەیەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی شارەوانی و لیژنەی دەستپاکی کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت.

وەیسی سەعید وەیسی گوتیشی: ئێمە ئاگاداری ئەوەین گلەییەکی زۆر لەسەر پێوەری ئاوی ماڵان هەیە و بەشێک لە هاووڵاتیان مانگانە پارەیەکی زۆریان بۆ دێتەوە کە لە ئاستی چاوەڕوانیاندا نییە. ئەوەشی گوت: لیژنەی دەستپاکی داوایکردووە ئەو سزایە لەم قۆناغەدا ڕابگیرێت کە پێشتر وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار داینابو بۆ ئەو ماڵانەی کە تا 1ی ئەیلول پێوەر نابەستن یەک ملیۆن دینار سزا بدرێن. ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان هەروەها گوتیشی: بە هەموو لایەکەوە هەوڵی ئەوە دەدەین خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین و بارگرانیان لەسەر دروست نەکەین.

لەبەردەم هەرێمی کوردستاندا هەیە بەوەی هەموو لایەنەکانی پەرلەمانی کوردستان پرسە نیشتیمانییەکانیان لە ئەولەویەتی کارەکانیان دانابو و لە ئێستاشدا بەغدا و هەولێر لە سەرەتای هەنگاوێکی باشدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان بەڕێگەی دەستووری عێراقی فیدراڵ.



سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەندامەکانی ئاگادار دەکاتەوە

ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاگاداری تێکڕای ڕۆژنامەنووسانی ئەندامی سەندیکاکەیان دەکاتەوە و دەڵێت هەر ئەندامێک چوار ساڵ ئابوونەی نەدابێت، ئەندامێتییەکەی لەدەستدەدات.

ئەمەش دەقی ئاگادارییەکەیە:

ئاگادارییەک لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بۆ سەرجەم ئەندامان

ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئاگاداری تێکڕای ئەندامانی خۆی دەکاتەوە، هەر ئەندامێک چوار ساڵ ئابوونەی یەک بە دوای یەکی نەدابێت، ئەنجوومەنی سەندیکا ناوی لە تۆماری گشتی سەندیکا دەسڕێتەوە و ئەندامێتی لەدەست دەدات.

دوا وادەش بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە کۆتایی مانگی (2019/11) یە.

ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

بەهۆی ڕاپۆرتێکی 25 خولەکی لەسەر گەندەڵی پیرۆز داوای داخستن و دادگاییکردنی کەناڵی (الحرە) دەکرێت

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

کەناڵی الحرە کەناڵێکە لە عێراق و بینەرێکی زۆری هەیە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش پشتگیریی مادیی دەکات، بەهۆی بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک کە ماوەکەی کەمتر لە25 خولەک بوو لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانی عێراقەوە هەڕەشەی دادگایکردن و داخستنی لێدەکرێت.

بەڕێوەبەری نووسینگەی کەناڵی الحرە سەرسوڕمانی خۆی لەم هێرش و هەڕەشانە بۆ سەر کەناڵی الحرە دەربڕی کە بەهۆی بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر گەندەڵییەکانی هەردوو دامەزراوەی وەقفی سوننە و شیعە کراوە ئەم ناڕەزاییەی لەلای حزبە شیعی و سوننییەکانی عێراق لێکەوتووەتەوە لەلای خۆیەوە سەرۆکی کوتلەی بەدر لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت ئەم کەناڵە دەستی ئەمەریکا و زایۆنیستی لەپشتە و سووکایەتی بە مەرجەع و دامەزراوە ئیسلامییەکانی عێراق بە سوننە و شیعەوە سەرچاوەی ئارامی و یەکڕیزی عێراقییەکان بوون و نابێت ڕێگە بدرێت هیچ میدیایەک سووکایەتی بە دامەزراوە ئاینییەکان و مەرجەعە ئاینییەکانمان بکات.

کوتلەکەی حەیدەر عەبادیش لەسەر ئەم ڕاپۆرتەی کەناڵی الحرە دەربڕی و گوتی: پێشتر و ئێستاش مەرجەع و دامەزراوە ئیسلامییەکانی عێراق بە سوننە و شیعەوە ئەمەریکا و ئیسرائیل و ئەو وڵاتانەی کە دژی ئیسلامن هێرشیان کردۆتە سەر و ئێستاش بەردەوامن لە هێرشکردنە سەر ئەو دامەزراوانە.

ویژای ئەمەریکا لە بەغدا بێلایەنی خۆی لەم بابەتە دەربڕی و تەئکیدیان کردووەتەوە کە حکوومەتی ئەمەریکا پەیوەندی بە ناوەڕۆکی کاری میدیایی کەناڵی الحرە نییە و ئەوەی تائێستا بینیومانە ئەم کەناڵە بەشێوەیەکی پڕۆفیشناڵانە کار دەکات و ڕا و بۆچوونی هەموو لایەنەکان وەردەگرێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتە پەیوەندی بە حکوومەتی عێراق و لایەنە ئاینییەکانی عێراق خۆیانەوە هەیە ئەگەر هەست دەکەن ناحەقیان بەرانبەر گوتراوە دەکرێ سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن یان داوایخەن ئێمە لەو بابەتە دەستوەردان ناکەین.

شایانی باسە لەو ڕاپۆرتە 25 خولەکییەی کەناڵی الحرە کە ڕۆژنامەنوس معن ئەلجیزانی ئامادەی کردووە و چەندین کەسایەتیی قسەی تێدا دەکەن و چەندین گرتەی قیدیۆیی خۆپیشاندانی خەڵکی عێراقی تێدا بلاوکراوەتەوە کە دژی ئەو حزب و کەسایەتییانەیە بەناوی ئایینەوە گەندەڵی و دزی دەکەن و پرسیاری لەسەر سەدان ملیۆن دۆلار داهاتی شوێنە ئاینییە پیرۆزەکانی عێراق و خزمخزمێنەی ناو دیوانی وەقفی سوننە و عەتەباتی شیعەی عێراق کردووە.

بە چ چاو و ڕووێک مێژووی کورد دەخوێننەوە!

فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*



ئەو پرسیارەم لەوەوە بۆ هات، هەروەک ئاشکرایە لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 ڕۆژانە کۆمەڵێک زانیاری و چیرۆک لێرەولەوێ لەسەر ئەنفالەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و چەندین ناوچەی تر هەر لە گەرمیانەوە تا بادینان باس دەکرێن و بڵاودەکرێنەوە و لە لاپەڕەی سەدان کتێب و دەیان هەزار ڕۆژنامە و گۆڤار بە بەڵگە نیشانی ڕایگشتی و گەلانی عێراقی و ناوچەکەی دەدەن، بێجگە لە چاوپێکەوتنی دەیان لە شاهێدحاڵەکانی ڕووداوەکان کە ڕۆژانە ڕاستەوخۆ نیشاندەدرێت. بە تایبەت لەدوای نیسانی 2003 و ڕووخانی ڕژێمی سەددامی دیکتاتۆر ڕاستییەکان شێوازێکی تریان وەرگرت و دەیان گۆڕی بە کۆمەڵیش هەڵدرانەوە کە هەر هەموویان ڕووفاتی هاوڵاتیانی کوردبوونە و ڕێژەی زۆریشیان ژن و منداڵ و پەککەوتە بوون، تا ئەندازەیەک ژمارەیەک ڕووفاتی کوێتییەکانیشی تێدا بووە، ئەم بابەتە تا ئێستا بەردەوامە و لە دوایین هەڵدانەوەی گوڕێکی بە کۆمەڵ لە شاری سەماوەی عێراق دەرکەوت، کە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا کە 171 ڕووفاتی تێدابووە، 74 منداڵ بوونە و93 ئافرەتیش، کەواتە هیچ ناوێک و بە بیانوییێک کورد قڕان کراوە و هەبووە و لە هەرچوار پارچەی کوردستانیش وەک یەک بووە، بۆ نموونە لەگەڵ دەسەلاتگرتنە دەستی کەمالییەکان بە جارێک کوردستان لە لایەن تورکیاوە وێرانکرا و پێشووتریش دەکرێ بگوترێت لە پاش ساڵانی 1880بە دواوە، جارێک بە بیانووی شۆڕشی شێخ عەبدوڵڵای نەهری و جارێکیش لە1925 بە بیانووی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، جارێک شێخ ڕەزا، کۆمەڵێک کەس لەسێدارەدران لە کوردستانی باکوور و سەدان خانەوادەش لە ئەشکەوتەکان سووتێندران، کەواتە کورد قڕان دەکرا! هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەیان سەرکردە تیرۆرکران و لە سێدارەدران، دەیان هەزار شۆڕشگێڕیش کوژران، هەروەک لەسێدارەدانی سمکۆی شکاک، لە ساڵانی سییەکان و قازی محەمەد و هەڤاڵانی 1947وە لە هەشتاکانیش تیرۆرکردنی قاسملوو لە دوایشدا شەرەفکەندی و کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی تر، دواکارەساتیش لەم ساڵەی ئێستامان، شەهیدکردنی کۆمەڵێک سەرکردە لەناو بارەگاکەی خۆیان لە برایانی حزبی دیموکرات لە شاری کۆیە و بەر لەوەش شەهیدکردنی خۆیان بینیوە، کەسیان لە کەس شەریفتر نەبووە، هەر لە سەردەمی مەلیک و دوایی عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف و عەبدولکەریم قاسم، کە گوایە دەگوترێت عەبدولکەریم و کۆڵبەریش ڕۆژانە دەکوژرێن.

بەڵێ، هەمووی هەروابووە و ئێستاش تورکیا ڕۆژانە لەناوەخۆ کورد کوژی دەکات، لە باشووریش بە بیانووی پەکەکە، هاوواڵاتی سڤیل دەکوژێت، لە کوردستانی ڕۆژئاواش، بەشی کورد هەروابووە لە مێژوو تا ئەو ڕادەیەی مافی هاووڵاتیبوونی نەبووە، دان بە ناسنامەی نەتەوەییان نەهێنداوە و دەیانجار کۆمەڵکوژکراون، بە تایبەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەیان هەزار کورد لەنێوان شەو و ڕۆژێکدا کوژراون و خانووەکانیان بەسەردا ڕووخاندوون، بەڵێ ئەمە حاڵی کوردە!

لە عێراقیشدا هەردەم خراپتر بووە، گەر سەیر بکەین لە ساڵی 1914 شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە سێدارەدرا، ڕۆژ بە دوای ڕۆژ کورد کوشتن بەردەوام بووە، شار و گوندی کوردستان نەماون، نەسووتێندرابن، یان نە ڕووخێندرابن، هەندێک بە ناوی فەیلییەکان، هەندێکیش بە ناوی ئێزیدییەکان، هەندێکیان بە ناوی بارزانییەکان، جاری تر بەناوی سۆرانی و بادینی و گەرمیانی، کەواتە کەس نە پارێزراوە، هەموویان لەکاتی مەبەستدا کوژراون و سەرکردەکانی عێراقیش باش و خراپییان کاتێک دەستی خۆیان بینیوە، کەسیان لە کەس شەریفتر نەبووە، هەر لە سەردەمی مەلیک و دوایی عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف و عەبدولکەریم قاسم، کە گوایە دەگوترێت عەبدولکەریم باشەکەیان بووە، چەپ و مارکسی بوو و نەتەوەپەرست نەبووە، کەچی لە هەموویان خراپتر بووە، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی (التقدم به زمانی عەرەبی لە لاپەڕەی یەکەم) ژمارەی (733) لە 1961/9/25 ڕۆژی دووشەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا دەڵێت: شۆڕشی ئەیلوول لەناو بردرا بۆ هەتاهەتایە و ئەوانەی بەو شۆڕشە هەستاون، شەقاوە و ڕێگرن، عەمیلی ئیسرائیلن و بەرانبەر بە نیوملیون دیناری عێراقی، ئەو سەردەم گوایە کورد خیانەتیان کردووە! شەڕیان لە جیاتی ئیسرائیل کردووە لەگەڵ عێراقدا، ئەمەش درۆ و بوختانەکانی عەبدولکەریم قاسمە، دەیان قسەی تری نابەجێی کردووە، کەواتە کاتێک کە ئیشی بە کورد نەما، بوختانی بە کورد کرد، بۆیە دەڵێین هەموویان سەددام بوونە! بەڵام وەک سەددامیان پێنەکراوە و مێژووی سەددامیش لای هەموویان ئاشکەرایە، لە کوشتن و بڕینی ڕۆژانە و لەسێدارەدانی بەردەوامی خەڵک و هەروەها لە دانی مافی ئۆتۆنۆمی لەکاتی لاوازی لە 1970وە، جارێکی تر و لە پاشگەزبوونەوە لەنێوان72 تا 74وە هەڵگیرساندنی شەڕ و تەعریبکردن و کاولکردنی کوردستان و زیندەبەچاڵکردنی182 هەزار ئەنفال و 8 هەزار بارزانی، کوشتنی5500 کەس لە خەڵکی هەڵەبجە کە 1988 و کەواتە لە هەفتاکان تا ڕووخانی ڕژێم بەعسییەکان ڕۆژێکی بەبێ خوێن ڕشتنیان نەبوونە لە مێژووی کورد و لە دوای ئەویش لە 2004 تا ئێستا ئەوانەی هاتوون، وەک فەرخەی سەددام بوونە و لە هەموو لایەک ڕەحمیان بە میللەتی کورد نەکردووە!

لەوەش زیاتر سەددام قووتی خەڵکی نەبڕی، کەچی ئەوانە قووتی خەڵک دەبڕن و هەر ڕۆژەی بە ناوێکەوە کورد دەکوژن، بابەتێکی تر دوامۆدیلی عەقڵییەتی شۆڤێنی عەرەبی و هەرەسهێنانی لە دیکتاتۆرییەتی نەتەوەپەرستی! ئەوجارە بە شێوازێکی تر، هاتنە گۆڕپانەکە و وەک پێناسەی داعش و ئیسلام سەربڕین و زیندەبەچاڵکردن بە ناوی ئیسلام لەبەردەم کامێرا و شاشەی تیڤییەکان و بە حەڵاڵزانینی خوێنی کورد، هەر جارە و بە ناوێک، هەرچەندە عەقڵییەتی شۆڤێنی عەرەب لە قورئانی پیرۆز و لە مەنتق لایانداوە و لە مێژوودا زۆر بەبێ شەرمانە گوتوویانە کورد ئینسان نین، بەڵکو لە جنەوە هاتوون.

بەڵێ، ئەمە عەقڵییەتی شۆڤێنی مێژوونووسانی عەرەبی بووە، لە مێژووی کۆن و دەکرێت بڵێین تا ئێستاش زۆربەیان لە چاخی جەهالەتن بەرانبەر بە کورد، زۆرجار ئەم قسەیەش دەڵێینەوە ئەو جاهیلانە خوا ناناسن و دەڵێن کورد ئینسان نییە. گەر سەیر بکەین، ئێستاکەش زوڵم و ستەمی چل ساڵەی سەددام حوسێن و داعش لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاوبووە، بەهۆی بەردەوامی و نەپچڕانی خوێنڕشتنیان، بەڵێ لاشەی ڕووفاتی کۆژراوانی ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان و دوو هەزار و تا دەگاتە 2019ی شەڕەکانی داعش لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان تێکەڵاو بووە، هەر ڕۆژە لە شوێنێک گۆڕێکی بە کۆمەڵ دەدۆزرێتەوە و لە میدیاکانی جیهانیش گۆڕی بە کۆمەڵی کوردان بوو بە بەرنامەی ڕۆژانەیان، بووە بە بەشێک لە کاری ڕاگەیاندەکان و هەر ڕۆژە و لە شوێنێک هەندێجار لە کوردستان و هەندێجاریش لە سنوورەکانی عەرەبنشین و جارێک هی سەددام و جارێکیش هی داعش و جارێک هی زوڵم و ستەمی حەشدی شەعبی و جارجارەش لێرەولەوێ لە لێواری دەریاکان لە ئیجە و لە یۆنان کۆمەڵێک خەڵکی تر لاشەکانیان دەدۆزرێنەوە، کە ئەوانەن لە دەست زوڵم و ستەمی هەرچوار دەوڵەتی زاڵم ڕادەکەن، لە هەموویان جەرگبڕتریش، لە یادمە لە ناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکان، خانەوادەیەک کە باوک لە کاتی دوا هەناسەی کە لەناو ئاودەدا و دەخنکا لە دەریای ئیجە، بانگی کچە3 ساڵییەکەی دەکرد و دەیگووت (ساڤانە ساڤانە) تا هەناسە بڕیوو، ئەویش خنکا، هەر بانگی کچە خنکاوەکەی دەکرد، لە لایەکی تر، خێزانەکەشی کە خنکابوو، ئاگای لێ نەبوو، لەبەر جگەرگۆشەکەی و بەر لە چەند ساڵێک ئالانی کۆڕپەلەش لە ڕۆژئاوای کوردستان بە هەمان دەردی ساڤانە چوو، لە هەمان دەریا و بە کامێرای جیهانی وێنەیان گرت و پیشانیاندا و دونیای هەژاند.

بەڵێ، ئەم کارەساتانە جەرگبڕن و ویژدانی دەوێت لە بەردەمیاندا بوەستێ و خۆی ڕابگرێ، ئەو منداڵەی کە لە 2019/8/25 گەیشتە کارووانی شەهیدان، ناوی سەرلەنوێ لەگەڵ ئەمەریکا، دەبێت لەسەر بنەمای دادپەروەریی، ڕێزگرتن و دانان بە یاسای فەرمیی یەکتردا بێت و ئاشکرای کرد ڕێککەوتنی تاکلایەنە ئەگەر جێبەجێش بکرێت لە ماوەیەکی کورتدا شکست دەهێنێت.

سەرکۆماری پێشووی ئێران ڕەخنەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی گرت کە لەلایەن سەرکۆماری ئێستای ئێران، حەسەن ڕۆحانییەوە واژووکراوە و ڕایگەیاند: ڕێککەوتنی ئەتۆمی بڕیتیبوو لە کۆمەڵێک بەڵێنی تاکلایەنە. ئەو ڕێککەوتنە سوود و دەستکەوتی بەرچاوی بۆ هیچ لایەنێک نییە. ئەو بنەمایانەش ڕاست نین کە دانوستانیان لەسەر کراوە. ئەگەر بابەتێک لەسەر بنەمایەکی هەڵە تاوتوێ بکەین، ئەنجامی دروست بەدەست ناهێنین. من بوومایە، بە هیچ شێوەیەک ڕێککەوتنەکەم واژوو نەدەکرد. جەختی لەوەشکردەوە ئەو بانگەشانە بەدروست نازانێت کە گوایە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ڕێگری لە هاوپەیمانیی جیهانی کردووە دژی ئێران و تیشکی خستەسەر ئەوەی دژی دانوستان نییە لەگەڵ هیچ لایەنێک بە حکوومەتی (بڕیار) بوو، تەمەنی 3 ساڵ بوو، پاش شەهیدبوونی باوکی، بە ناوی شەهید باسۆ، لە لایەن داعشەکانەوە، کە منداڵەکە نانی لە خۆی حەرام کرد و بە کەسوکاری گوت: باوکم دەوێت یان دەڕۆمە لای. قسەی خۆی گەیاندە جێگا و گەیشتە کاروانی شەهیدان. بەڵێ نانی نەخواردو و تا شەهید بوو، وەک باوکی مانی گرت لە نانخواردن، ئاخۆ لە چ نەتەوە و لە ناو چ میللەتێکدا کارەساتی لەمجۆرە ڕوویداوە، منداڵێک لە 3 ساڵان مان لە خواردن بگرێت تا دەمرێت و دەگات بە کاروانی شەهیدان! بەڵێ شاعیر ناهەقی نەبووە کە دەڵێت: تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتان قەڵغانی گوڵە سینگێ کچان بێ بە هەڵمەتا. ئەمجارە دەبێ بڵێین تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتان، منداڵی 3 ساڵە وەڵامی دوژمن بداتەوە و شەهادەتی بووێت، بۆیە دەڵێین بەڵێ شەڕی داعش بەردەوامە و شەڕی بەعس بەردەوامە، شەڕی تورک و شەڕی فارس بەردەوامە، شەڕی سەد ساڵە بە سەد شێواز گۆڕا و تەنها دوژمنداریەتی کورد نەگۆڕا، بەڵێ هەموویان لەسەر دژایەتیی کورد کۆکن، تەها کوردی نەگبەت لەسەر برایەتی یەکتر کۆک نین! جا پرسیار دەکەین و دەڵێین: برایانی عەرەب و تورک و فارس خۆفرۆشەکانی زۆڵە کورد، بە چ چاو و ڕووێک مێژووی کورد دەخوێننەوە؟!.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتیزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان.**



ئەحمەدی نەژاد: من بوومایە هەرگیز ڕێککەوتنی ئەتۆمییم واژوو نەدەکرد

تا ئێستا هیچ لایەنێک لە سووریا براوە نییە



سەرکۆماری پێشووی ئێران، مەحمود ئەحمەدینەژاد ڕایگەیاند، لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی 2015دا لەگەڵ ئێران، چەندین بەڵێنی تاکلایەنە ڕیزکراون و گوتی: من بوومایە هەرگیز ڕێککەوتنامەی ئەتۆمییم واژوو نەدەکرد.

مەحمود ئەحمەدینەژاد کە دوو خول لە 2005 تا 2013 سەرکۆماری ئێران بووە بەر لە حەسەن ڕۆحانی، پێشهاتەکانی ناوچەکە و ڕێککەوتنی ئەتۆمیی هەڵسەنگاند. ئەحمەدینەژاد ئاماژەی بەوەدا دانوستانی ئەتۆمیی واشنتۆنیشەوە، بەڵام دانوستانێک کە ئامانجەکەی دیار نییە بێسوودە.

سەرکۆماری پێشووی ئێران باسی لەوەش کرد لەبەر ئەوەی تەرەمپ خۆی بازرگانە، حسابات خۆی باش ئەنجامەدات و بەرژەوەندیی دڕێژخایەنی ولاتەکەی لەبەرچاوەگرێت و ڕایگەیاند: هەڵگیرساندنی جەنگ لە دەستەبەرکردنی ئاشتیی سەختترە. ئێستا کەنداوی بەسرە زۆر لەبارە بۆ پێکدادان. پێویستە ولاتانی کەنداو و ئەمەریکا زۆر وریابن. ئاگرێک لێرەدا هەڵبگیرسێت، تەنها کەنداو ناسووتێنێت و تەواوی جیهان دەگرێتەوە. مەحمود ئەحمەدینەژاد ڕاشیگەیاند: تا ئێستا هیچ لایەنێک لە سووریا براوە نییە. پێویستە هاوکارییێ بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی گەلی سووریا. هەر مرۆڤێک کە دەکوژرێت زیانێکە. هیچ کێشەیەکی تێدا نییە ئەگەر ڕێکبکەوین. هەر مرۆڤێک لە جیهاندا دەنگێکە، با لێیگەڕێین مرۆڤەکان بە ئازادیی بڕیار بدەن.

حکوومەتی عێراق و کۆمپانیایەکی هۆڵەندی لێکتێگەیشتنێک بۆ دروستکردنی دوورگەیەکی پیشەسازی بۆ هەناردەکردنی نەوت واژوو دەکەن

دوو ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە دوورگەکە هەناردە دەکرێت

کۆمپانیای نەوتی بەسرە سەر بە حکوومەتی عێراق ڕایگەیاند کە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆمپانیای (Boss Calls)ی هۆڵەندی واژوو دەکات بە مەبەستی بنیاتنانی گەورەترین دوورگەی پیشەسازی بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاو لە ناوچەیەکی باکووری کەنداو کە بە گەورەترین دوورگەی پیشەسازی دادەنرێت لە جیهان.

ئیحسان عەبدولجەبار ڕاشیگەیاندووە کە نوێنەری وەزارەتی نەوت لە کۆمپانیای نەوتی بەسرە گرێبەستێکی هەڵسەنگاندنی ڕاوێژکاریی یاداشتنامەکە لەگەڵ کۆمپانیای (Boss Calls) هۆڵەندی واژوو دەکەن کە پێکەوە پلانێکی هاوبەش بە سەرجەم وردەکارییە هونەرییەکان دادەنێن بە مەبەستی بنیاتنانی دوورگەیەکی پیشەسازی بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاو لە ناوچەیەکی باکووری کەنداو کە بە گەورەترین دوورگەی پیشەسازی دادەنرێت لە جیهان.

بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی بەسرە، ئیحسان عەبدولجەبار ڕاشیگەیاندووە کە نوێنەری وەزارەتی نەوت لە کۆمپانیای هەڵسەنگاندنی ڕاوێژکاریی واژوو دەکات، ئەوەش ڕێگا بۆ عێراق خۆش دەکات بۆ چوونە ناو پڕۆژەکانی پیشەسازی نەوتی دەریایی لە داهاتوودا و زیادکردنی سەرچاوە دارایییەکان لە بوودجەی گشتیدا.

بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی بەسرە ئاماژەی بەوەیشکردووە کە پڕۆژەی بنیاتنانی دوورگە نەوتییەکە تا ساڵی 2022 تەواو دەکرێت کە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە دوورگەکە هەنارە دەکرێت، هەروەها دوورگەکە توانای هەنارەکردن و عەمبارکردن شەش ملیۆن بەرمیل دەبێت و لە داهاتووشدا بەرزدەبێتەوە بۆ ئەو ئاستەی کە لە لایەن وەزارەتی نەوتەوە بە ئامانجی دابینکردنی پێدواویستییەکانی بازاڕی جیهان لە نەوتی خاو دانراوە. ناوبراو ڕوونیشیکردووەتەوە کە گرێبەستی کۆتایی ئامادەکردنی نەخشەڕێگەیەک کە تیایدا سەرجەم وردەکارییەکانی ئەندازیاریی، لۆجستی، وەبەرهێنان، ئابووری و شوێنی حەوانەوەی کرێکاران لە خۆدەگرێت، وێرای دیاریکردنی میکانیزمی داهاتی دارایی بۆ هەردوولا.

وەزارەتی خوێندنی باڵا: کرێی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان و پارالێڵ کەمدەکرێتەوە



وەرگرتنی کرێی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و خوێندنی پارالێڵ لە زانکۆ و پەیمانگەکان جیاوازە، ئەمساڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاریداوە کرێی خوێندن کەمبکاتەوە. گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵاش دەڵێت: بڕیارەکە بەزووترین کات دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە چوارچێوەی ڕیفۆرم و پلانەکان بۆ پێشخستنی کەرتی خوێندنی باڵا لە کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئامادەکاری بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان و کرێی خوێندنی پارالێل دەکات.

عەباس ئەکرەم، گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: بە هەوڵی ڕاستەوخۆی د. ئارام محەمەد، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و لە چوارچێوەی ڕیفۆرم و پلانەکان بەمەبەستی پێشخستنی کەرتی خوێندنی باڵا لە کوردستان، وەزارەتەکەمان ئامادەکاری دەکات بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان و کرێی خوێندنی پارالێل لە زانکۆکاندا. سەبارەت بەو بڕیارە وەزارەتی خوێندنی باڵا قسەی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان کردووە. عەباس ئەکرەم دەشڵێت: وەزیری خوێندنی باڵا لە پەیوەندی بەردەوامدابووە لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ تایبەتەکان بەمەبەستی گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر کەمکردنەوەی کرێی خوێندن، بۆ ئەمەش چاوەڕوانەدەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا وردەکاری و هەوڵەکانی کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بۆ ڕای گشتی بخرێتەڕوو. عەباس ئەکرەم ئاماژە بەوە دەکات،کرێی خوێندن کاریگەریی لەسەر کوالیتی خوێندن ناکات و ئامانجیش لەم هەوڵەی وەزارەت ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی خەڵکی کوردستان و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتری خوێندن و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجانی هەرێمەکەمانە.

بەرپرسی لقی دوو: ئافرەتان خۆیان دەتوانن جوانتر گوزارشت لە خۆیان بکەن



دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان-بە ئامادەبوونی ساکار غازی کارگێڕی لق، پێشوازی لە کچە نووسەری کتێبی YOU ARE JUST WATCHINGئێوە تەنها تەماشا دەکەن-ی خاتوو شەم بەرهەم و ناز عەبدوڵڵای دایکی کرد.

لەو دیدارەدا، ئەحمەد کانی دەستخۆشی گەرمی لە خاتوو شەم کرد بەبۆنەی بە چاپ گەیاندنی کتێبیYOU ARE JUST WATCHINGو ئاماژەی بە دڵخۆشی خۆی کرد لە زۆربوونی قەڵەمی ئافرەت لە کاری میدیایی و بواری نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستیدا، جەختی کردەوە لەوەی ئافرەتان خۆیان دەتوانن گوزارشتی جوانتر لە خۆیان بکەن نەوەک پیاوان، بۆیە بە پێویستی زانی پشتیوانی لەو هەوڵانە بکرێت و کتێبخانەکان ئیدی بێ کتێبی ئافرەتانی بلیمەت نەبن.

هەر بەو بۆنەوە، بەرپرسی لقی دوو لۆگۆیەکی ڕێزلێنانی بە شەم بەرهەم بەخشی لە بەرامبەر چاپکردنی کتێبەکەی، لە بەرامبەریشدا شەم بەرهەم کتێبەکەی خۆی پێشکەش بە بەرپرسی لقی دوو کرد و سوپاسی پێشوازی و پشتیوانییەکانی کرد.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو عوسمان عەلی نەجارِ بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی عوسمان عەلی نەجارِ برای شەهید ئەنور عەلی نەجارِ- مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی خانەواده تێکۆشەر و بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی ئێوە وخزم و دۆستان و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (کەمال عەلاف)، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە بوونە هۆی ڕەواندنەوەی خەمەکانمان، بەتایبەتی بەڕێز بەرپرسی لقی دووی پارتی و پارێزگاری هەولێرو سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین و تیشک، هەروەها مامۆستایانی زانکۆ و فەرمانبەرانی خوێندنی باڵاو هەموو هاوڕێ و دۆست و خزمان، چ ئەوانەی لەکاتی ناشتنی تەرمی خوالێخۆشبوو ئامادەبوون یاخود لەپرسە زەحمەتیان کێشا ئامادەبوون، هەروەها ئەوانەی لە ڕێی تەلەفۆنەوە بەسەریان کردینەوە، داواکارین لەخوای گەورە هەموو لایەک لە دەردو بەڵا بەدوورین.

ئەندازیار سەردار ئەحمەد عەلاف

لەجیاتی بنەماڵەی کۆچکردوو

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر: لە هەموو شوێنە گشتییەکان کامێرای چاودێری دادەنرێت



خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلەعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: پڕۆسەی دانانی پێنج هەزار کامێرای چاودێری لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاوواڵتیان دادەنرێت و پڕۆسەیەکی زۆر پێشکەوتووە لە شوێنە گشتیەکان دادەنرێت وهەنگاوێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی تاوان و هەر تاوانێکیش کە ئەنجام بدرێت ئەوا لە ڕێگەی ئەو کامێرایانەوە بە زووبی ئاشکرا دەبێت. هەروەها گوتی: بڕیاروابوو ئەو کامێرایانە لە سالی 2014 دابنرێن، بەڵام لەبەر شەڕی داعش و قەیرانی دارایی نەتوانرا پڕۆسەکە ئەنجام بدرێت. هەروەها بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر گوتی: ژووری کۆنترۆڵ بۆ کامیرای چاودێریی شاری هەولێر دروست دەکرێت و ئەو ژووره سەرجەم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، دائیرەیەک کۆنترۆڵی سەرجەم ئەو کامیرا چاودێرییانە دەکات کە لەناو شار بۆ مەبەستی چاودێریی ئەمنی دانراون و لەکاتی هەر ڕووداوێکدا ئەو ژووره لەڕێگەی ئەو کامێرانەوە ڕووداوەکان لە نزیکەوە دەبینن.

بڕیکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری دەستخۆشی لە تیپی هونەرە میللییەکان دەکات



خەبات- سەبریە یوسف:

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان ئامادەکاریەکانی تەواوکردوە بۆ دابەشکردنی نەوتی زستان بەسەر هاوواڵتیاندا. لەو بارەوە، یادگای فەتاح، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: ئامادەکاریەکان بۆ هێنانی نەوت و دابەشکردنی بەسەر هاوواڵتیاندا تەواو کردوە و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە گفتوگۆداین بۆئەوەی بتوانین لەمانگی داهاتوودوە دەست بەدابەشکردنی نەوت بکەین. وتیشی: لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتە سروشتیەکان باس لەوە کراوە بۆ ئەمساڵ لەلایەن وەزارەتی داهاتووی وەزارەت. پاشان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەردانی بەشی هونەرە میللییەکانی هەولێری کرد و لەلایەن د. سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێری کرد و لەلایەن فەرهەنگ غەفور بەڕێوەبەری گشتی بەگەرمی پێشوازی کرا.

لە دیدرێکدا باس لە بزاڤە کلتورییەکان کرا، تایبەت لە بەدینی کۆن، واتە هەشت هەزار ساڵ پێش زایین. ساڵی 1951بۆ یەکەمین جار کۆڵێنکاری لە شانەدەر کراوە. ساڵی 1960ی سەدەی ڕابردوو نۆ ئێسکە پەیکەر و ساڵی ڕابردووش دەیەمین ئێسکەپەیکەری مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە شانەدەر دۆزرانەوە. کۆڵێنکاری و لێکۆڵینەوەکانی ئەمجاریان، دەرئەنجامی نوێ و هۆکاری لەنێوچوونی نیاندەرتاڵ ڕوونەدەکاتەوە، بەمەش گۆڕانکاریەکی مێژویی تر بەدەردەکەوێت لەم ناوچەیە، هەروەها ئەو تیمە دەیانەوێت بەشێوەیەکی زانستی پێشکەوتووی سەردەمیانە بیسەلمێنن و بزانن کە هۆکاری لەناوچوونی ئەم مرۆڤە چی بووە، ئێمەش دڵنیاین کە ئەنجامی زانستی زۆرباشی دەبێت.

ئێسکەپەیکەرێکی دیکەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزرایەوە

مسلم دۆلەمەری- بارزان:

دەڤەری بارزان خاوەنی دەیان شوێنەواری مێژوویی کە گرنگترینیان ئەشکەوتی شانەدەری لاندکی مرۆڤایەتیە لە سنوری ناحیەی گۆزەتووی سەر بە قەزای مێرگەسور، کە ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە تیمێکی زانکۆی کامبرێجی بەریتانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ئەشکەوتە دەکەن و تاکو ئێستاش بەردەوامن، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، سۆران ئەمیر بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسور بۆ خەبات گوتی: زانکۆی کامبرێجی بەریتانی ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە کاری پشکنین و لێکۆڵینەوە لە ئەشکەوتی شانەدەر دەکەن، کە ئەویش درێژەپێدانی کاری پێشوویانە کە لە ساڵی 1901تاکو 1960 ئەنجامیان داوە لەسەر مرۆڤی نیاندەرتاڵ کە ئێستاش دەیانەوێت کارەکانیان درێژەپێبدەن تاکو پێنج ساڵێتر، خۆشبەختانە لە ماوەی کارکردنیان لەم وەرزەو وەرزی ڕابردووشدا ئەنجامی باشیان بەدەستهێناوە لە دۆزینەوەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤی نیاندەرتاڵ. میژووی شانەدەر کە گەورەترین ئەشکەوتی باشووری کوردستان و عێراقە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی



گردەسێن... قەکرنا خولەکا دروماندێ بۆ ئافرەتێن دهۆکێ

خەبات- شیراز چاروێتی: ل سنورێ نا حیا گردەسێن ل سنورێ قەزا ئاکرێ ژلایێ گرووپێ سەردەم و لێژنا ئافرەتان خولەکا دروماندێ ڤەکر. وەلید هەرکی خودانێ گرووپێ سەردەم بۆ خەبات گۆت: ب هەڤکاریا لژنا ئافرەتان ل ناحیا گردەسێن خولەکا دروماندێ هاتیە ڤەکرن بۆ ئافرەتێن دهۆکێ بۆ وێ چەندێ بێبکار نەمینن و مفای ل پاشەڕۆژێ بگەهینن دجڤاکی و ل هەماندەمدا مە کارێن خێرخوازی ژی ئەنجامدایە ل دهۆکێ و ئارمانجا مە خزمەتکرنا خەلکیە بێ جوداهی. بەیان هەرکی سەرپەرشتا خولا دروماندێ ل ناحیا گردەسێن بۆ خەبات گۆت : ب هەڤکاریا گرووپێ سەردەم خولەکا دروماندێ بۆ 25 ئافرەتێن سنورێ ناحیا گردەسێن هاتیە ڤەکرن کو بریاربۆ هژمارا وان پتر ببیت بەلێ ژبەر نەبۆنا مەکینێن دروماندێ ب تنێ شیبیان ڤان چەندا پشکدار بکەین.

گەرمیان... ئامادەکارییەکان بۆ وەرگرتنی نەوت بەسەر هاوواڵتیان دەستپێکرد

خەبات- سەبریە یوسف:

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان ئامادەکاریەکانی تەواوکردوە بۆ دابەشکردنی نەوتی زستان بەسەر هاوواڵتیاندا. لەو بارەوە، یادگای فەتاح، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: ئامادەکاریەکان بۆ هێنانی نەوت و دابەشکردنی بەسەر هاوواڵتیاندا تەواو کردوە و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە گفتوگۆداین بۆئەوەی بتوانین لەمانگی داهاتوودوە دەست بەدابەشکردنی نەوت بکەین. وتیشی: لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتە سروشتیەکان باس لەوە کراوە بۆ ئەمساڵ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هەر مالێک و بەرمیلێک نەوتی پێبدرێت. ئەو بەرپرسە ڕاشیگەیاند ئێمە وەک نەوت و کانزاکانی گەرمیان، ئامار و سەرەتاکانی خۆمان داوەتە حکومەتی ناوەند بۆئەوەی لە سەرەتای مانگی 10وە نەوت بەر میلێک نەوت لە حکومەتی ناوەند وەبگرین.

زانکۆی سەلاحەددین مامۆستا بۆ پەیمانگەی داوەریی هەرێمی کوردستان دابین دەکات



د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین لەدیوانی سەرۆکایەتی زانکۆدا پێشوازی کرد لە داوەر سیروان کەمال عەبدولڕەحمان بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەی داوەری هەرێمی کوردستان. لەدانیشتنەکدا باس لەهەماهەنگی زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ ئەنجومەنی داوەری کرایەوە سەبارەت بەچالاکی و بەڕێوەچوونی پڕۆسەی خوێندن، هاوکات بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەی داوەری سوپاسگوزاری خۆی دەربڕی بۆ زانکۆی سەلاحەددین، کە هاوکاری پەیمانگەی داوەری کردووە لە ڕووی دابینکردنی مامۆستا و دانانی پەیڕەو و پڕۆگرامەکانی پەیمانگەی داوەری. لەم چوارچێوەیەدا بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەی داوەری داوای کرد پێداویستییەکانی ئەمسالی خوێندن دابین بکرێ وەک مامۆستا لەکۆلیژی یاسادا، کە هەرگیز ناتواندرێ ڕۆژلیان پەراوێز بخرێ، لەم بارەیەوە سەرۆکی زانکۆ هەموو ئامادەیەکی نیشاندا بۆ دابینکردنی مامۆستایانی کۆلیژی یاسا تا لە پەیمانگەی داوەری هەرێمی کوردستان وانە بڵێنەوە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/9/5 ژمارە (5822)
خەبات



سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر زیاتر لە 22 هەزار پارچە زەوی کارت تاپۆ دەکات

سەرۆکی شارەوانی هەولێر:

قۆناغ بە قۆناغ هەموو زەوییە کارتەکان تاپۆ دەکەین

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی ئەندازیار سامان محەمەد بلّباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر، لەئێستادا سەرۆکایەتی شارەوانی خەریکی کارکردنە لەسەر زەوییە کارتەکان و تاکۆتایی ئەمسالّ هەموو زەوییە کارتەکان بەهەولّ و کۆششی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار تاپۆ دەکرێن، کە زیاتر لە **100**هەزار پارچە زەوی کارت هەبووەو لەو ژمارەیەش توانراوە زیاتر لە **60**هەزار پارچە زەوی تاپۆ بکرێت و هەولّەکانیش بۆ تاپۆ کردنی هەموو زەوییە کارتەکان بەردەوامە.

شارەوانی هەولێر دەست دەکات بە تاپۆ کردنی زەویە بێ تاپۆکان

ماوەی زیاتر لە 10ساڵە لەسنووری شاری هەولێر ژمارەیەکی یەکجار زۆر زەوی کارت هەبوو و تاپۆ نەکرابوون و ئەو هاوولّاتیانەی کە زەوی کارتیان هەبوو هەمیشە پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە بۆچی زەویە کارتەکان تاپۆ ناکرێن؟ بەڵام لە ئێستادا وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرکار بۆ تاپۆ کردنی زەویە کارتەکان دەستی پێکردووەو لە پارسڵەوە توانراوە زیاتر لە 60هەزار پارچە زەوی کارت تاپۆ بە سەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکرێت بۆئەو مەبەستە سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرمان کردو لەوێدا ئەندازیار سامان محەمەد بلّباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: لەپارسڵەوە توانراوە ژمارەیەکی زۆری زەوی کارت تاپۆ بکرێت، بۆیە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بڕیاری تاپۆکردنی زەویە کارت و بێ تاپۆکانماندا و کارەکانیش قۆناغ بە قۆناغ ئەنجامدراوە، لەئێستادا خەریکی تاپۆکردنی زیاتر لە 22هەزار پارچە زەوی نیشتەجێ بوونی هاوولّاتیانین و دوای تەواوبوونی ڕێککارە یاساییەکان لە داهاتوویەکی نزیک وەک قۆناغی یەکەم دەست بکەین بە مامەڵەی تاپۆکردنی 10هەزار پارچە زەوی و بڕیارەکەش زەویەکانی ناوچەکانی باغەمڕەی شەهاب و باغەمڕەی ئەفەندی و کانی قرژاڵەو پیرزین و تیمارو تیماری پیشەسازی و گرد محەمەد دەگرێتەوەو وابڕیارە لە ئایندەیەکی نزیک بە چەندین قۆناغ و دوای تەواوبوونی ڕێککارە یاساییەکان هەموو ئەو زەویانە بەناوی خاوەنەکانیان بکرێت و لە قۆناغی یەکەمیش کار لەسەر 10 هەزار پارچە زەوی دەکرێت و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ئەوەیە هەموو ئەو زەویە کارتانە تاپۆ بکرێن و هیچ زەویەکی کارت نەمێنێ بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر لەسەر هێڵێن، دەمانەوێ بە زووترین کات کێشەکان چارەسەر بکەین و زەویەکان تاپۆ بکرێت.

دواتر دەربارەی زەویەکانی باغلو مناره سەرۆکی شارەوانی هەولێر ئەندازیار سامان محەمەد بلّباس گووتی: لە شارەوانی هەموو ڕێککارە سەرەکیەکان تەواو بووەو کێشەکە ئەوەیە کە زەویەکان لەسەر ناوی کشتوکاڵ و دارایی ماوە پێویستە بگەڕێتەوە سەر ناوی شارەوانی پاشان تاپۆ دەکرێت و لە ئێستادا خەریکین دەیخەینە سەرناوی شارەوانی و لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا کارەکان تەواو دەبن.

ئەندازیار سامان محەمەد بلّباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر دەربارەی ئەو زەویانەی کە قەرەبووی خانووی گوندی کۆرین گوتی: ئەو کەسانەی کەپێشتر خانووی کۆریان بۆ دەرچووە و تاپۆ دەکرێن و دیارە زەوییەکان ئیفراز کراون و نەخشەی پەسەند کراویان هەیەو نووسراومان بۆ فەرمانگەی کشتوکاڵ کردووە تا زەویەکان بخرێتە سەر ناوی شارەوانی و ئەو زەویانەش هیچ کێشەیان نییە و لە ئایندەیەکی نزیکدا تاپۆ دەکرێن.

لە ئامێدی زۆرترین و لە مەخموورییش کەمترین ڕێژەی سەوزایی هەیە

هەندرێن شێخ ڕاغب، گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە:

ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان بە گشتی 10.5ە و لە ئاستی ستانداردی جیهانیدا نییە



خەبات: هەولێر

گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگەی هەرێمی کوردستان، هەندرێن شێخ ڕاغب ڕایگەیاند کە ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان لەسەدا ١٠،٥-ە، هاوکات بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی هەولێر، عەبدولواحید ئەحمەد ئاشکرای دەکات کە ڕێژەی سەوزایی شاری هەولێر لە 18.7%ـە.

هەندرێن شێخ ڕاغب لە لێدوانێکیدا گوتی: "ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان بە گشتی لەسەدا ١٠،٥ بووە و لە ئاستی ستانداردی جیهانییدا نییە، بەڵام بە هەمووماندا ناتوانین بەوردی ڕێژەی سەوزایی کەمتر بێت لەسەدا ٢٥، بەڵام ئێمە بەشێوازە کۆنەکەیشی نەگەیشتووینەتە سەدا ١٥ و باشترین شوێن لە هەرێمی کوردستان قەزای ئامێدی-یە کە ڕێژەی سەوزایی سەدا ٤٣ە و قەزای مەخموورییش خراپترین شوێنی ژینگەیە کە لەسەدا دوو-ە".

گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگەی هەرێمی کوردستان، هەندرێن شێخ ڕاغب گوتیشی: "ڕێژەی سەوزایی لە پارێزگای سلێمانی لەسەدا ٩،٥ بووە و لە هەولێر سەدا ٩،١ بووە، ئەگەرچی لەسەر نەخشە ڕەنگە ژمارەیەکی زۆر سەوزایی هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی زۆریان نەبووەتە سەوزایی و ناکرێت وەکو سەوزایی هەژمار بکرێت".

هەندرێن شێخ ڕاغب لەبارەی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر زیادبوونی ڕێژەی سەوزایی گوتی: "قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی خستە سەر بواری ژینگە، بە هۆی دابەشنەکردنی سووتەمەنی بەشێک لە دارەکان لەناوچوون و بڕاونەتەوە و بۆ سووتان بەکارهاتوون، لەگەڵ ئەوەشدا پڕۆژەکانی ئێمە وەستان، کاتێک بارودۆخی دارایی باش بوو، پڕۆژەکانیش بەپێی بارودۆخەکە دەچوونە پێشەوە و ئەگەر ئەم قەیرانە نەبووایە ڕەنگە ئێستا ڕێژەی سەوزایی سەدا ١٥ بوایە، بەڵام لەم پڕۆژانە کە وەستان ئەگەر ڕێژەی سەوزایی کەمی نەکردبێت، زیادینەکردووە".

گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕێژەی سەوزایی لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون گوتی: "کێشەی ئێمە ئەوەیە کاتێک سەیری ماستەرپلان دەکەین یان نەخشەی شوێنەکان، ئەوا شوێنی زۆری سەوزایی جێگای بۆ کراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شوێنانە بە کردارەکی نەبووەتە سەوزایی و بەدواداچوونمان کردووە و سەیر دەکەین کە شوێنێک هەبووە لە نەخشە باخچە بووە، بەڵام دواتر کراوەتە مارکێت و بازاڕ و شوێنی دیکە".

هاوکات بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی هەولێر، عەبدولواحید ئەحمەد ئامارژە بەوە دەکات کە ڕێژەی سەوزایی لە سنووری شاری هەولێر لە ئاستێکی باشیدایە و ڕاشیدەگەیەنێت سەرەڕای قەیرانی دارایی توانیوویانە ڕێژەی سەوزایی زیاد بکەن.

عەبدولواحید ئەحمەد گوتی: "لە سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، ڕێژەی سەوزایی لەسەدا ١٨،٧یە و بەردەوامیشین لەسەر زیادکردنی ئەو ڕێژەیە لە ڕێگای بەجێگەیاندنی پڕۆژەی جۆراوجۆر کارەکەین و حکوومەتیش درێخی نەکردووە، خواستمان ئەوەیە ڕێژەکە بەرزبێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین ڕێژەیەکی زۆرتر هەوای پاک دابین بکەین".


بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی هەولێر لەبارەی ڕێژەی سەوزای شاری هەولێر بەراورد بە ڕێژەی ستانداردی جیهانی گوتی: "ئەو ڕێژەیەی کە لە ڕێگای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی چەند بنەمایەکی بۆ دیاریکراوە وەک فراوانبوونی شارەکە بە شێوەیەکی ئاسۆیی یان ستوونی، سەرەڕای ئەوەش ئایا ئەو شارە پیشەسازییە یان نیشتەجێیە و بەم پێیە ڕێژەی سەوزایی لە شارێکی بۆ شارێکی دیکە دەگۆڕدرێت".

عەبدولواحید ئەحمەد سەبارەت بە کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر ڕێژەی سەوزایی گوتی: "ئەوەی ئێستا هەیە ڕێژەیەکی کەم نییە بەراورد بە پێش قەیرانی دارایی، چونکە پێش دە ساڵ ڕێژەی سەوزایی ڕەنگە سەدا پێنج بووبێت و ئێستا سەدا ١٨،٧ و ڕێژەکەی باشە بەراورد بە پێشووتر و سەرەڕای قەیرانی دارایش توانیوومانە ساڵانە بەڕێژەی سەدا دوو تا سێ ڕێژەکە زیاد بکەین".

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی هەولێر، عەبدولواحید ئەحمەد گوتیشی: "تەنها لە شاری هەولێر ٣٤٥ پارک و ١٠٨ نافوورە و ٦٠ دوورگەی ناوەندیشمان هەیە، ئەمەش سەرجەمیان لەژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتییەکەماندایە و ڕۆژانە کار دەکەین بۆ پاککردنەوە و بڕین و دروستکردنی شێوەکاری و خزمەتگوزارییەکانی دیکە".



داستانی خواکورک... شەڕی مان و نەمان بوو



کاروان محەمەد سینۆ

هەر وابووە... هەرکاتێک دۆز و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دووچاری هەڕەشەو گوشارو نەمان بووبێت، ئەوکات بنەماڵەی بارزانی و سەرکردایەتی و پێشمەرگەو جەماوەری پارتی هاتوونەتە مەیدان و سینگی خۆیان کردۆتە سوپەر و قەڵغان بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان و بەرپەچدانەوەی مەترسی و دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان.

بێگومان ئەوننەی ئەم راستییە زۆرن کە لە سەروە باسمان کرد. کاتێک هێرش کرایەسەر کۆماری کوردستان لە مهاباد 1946 مێژوو شاهیدە کە تەنها بارزانی و پێشمەرگەکانی ڕێبازی بارزانی بوون کەوتنە سەنگەری بەرگری و چەندین شەهیدیان کردە قوربانی کۆماری کوردستان. کاتێک هەموو ڕێگاکان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان داخران و دوژمن لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور ویستیان تەنانەت ژیلەمۆی کۆماری مەهابادیش بکوژێننەوە و تاهەتا لەناوی ببەن، دیسانەوە مەلامستەفای بارزانی خۆی و 500 پێشمەرگە ڕووبەڕووی ئەم قەڵاچۆکردنەبوونەوە و دژی هەرچوار داگیرکەری کوردستان ڕاوەستان و بەدەم شەڕو بەرگریی پیادە لە ڕێڕۆیەکی سەربازی ئەفسانەیی و ئەم هێزەی ڕێبازی خۆیان گەیاندە یەکێتی سۆڤیەت و بلێسەی خەبات و ژیلەمۆی شۆرش و بوون و مانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردیان لەتوانەوە پاراست. بێگومان شەڕو داستانەکانی مان و نەمان لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و داستانی کۆڕێ 1991و داستانی پردێ و مەحمودیە و سحێلا 2017 و.. و.. و چەندین داستانی دیکە، هەموو ئەمانە شەڕو داستانی مان و نەمانی کورد و کوردستان بوون، بەرگری بوون. هەموو ئەم شەڕو بارۆخەی کە تێپەڕبوون هەموویان تاقیگەی سەربەرزی بنەماڵەی بارزانی و سەرکردایەتی و پێشمەرگەو جەماوەری پارتێن. بۆیە ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی سەربەرزانە لە مەیدانی خەباتدا چەقیوە و بۆتە مایەی متمانە و بڕوای زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان.

هەموو خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دۆست و دوژمنان دەزانن کە تەنها بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ناونیشانی پاک و بێگەردی بزاڤی رزگاری خەڵکی کوردستانن.

ئەمڕۆ یادی یەکێک لە و داستانانە دەکەین کە خاڵی جیاکەرەوەبوو لەنێوان مان و نەمانی بوونی کورد و بزاڤی رزگاریخوازی کورد. چونکە لەو سەردەمەدا نیوەی دووەمی ساڵی 1988 کە حکوومەتی عێراق (ڕژێمی سەدام حوسێن) لەسەروبەندی بەکۆتاهێنانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران (شەڕی کەندا و 1988-1980 ڕژێمی سەدام بەهیوای ئەوەبوو کە هاوکات لەگەڵ بەکۆتاهێنانی شەڕەکە، گەرماوگەرم هێرش بکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سێگۆشەی سنووری نێوانی (ئێران و تورکیا و عێراق). چونکە ڕژێمی سەدام حوسێن چاک دەیزانی، ئەگەر بوون و بەرگری و شۆڕشێکی کورد هەبێ، ئەوا لەسایەی سێبەری بنەماڵەی بارزانی و چەترەی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە. بۆیە لەگەڵ سەردتاکانی وەستانی شەڕی (ئێران و عێراق) ڕژێمی سەدام (15) لیوای سوپای عێراق و زیاتر لە 30 فەوجی جاش و بەپشتیوانی ژمارەیەکی زۆری چەک و تەقەمەنی و تۆپ و تانک و مووشەک و سەرباز و ئەفسەر و (جەیش و جاش)ی هێنایە سەر بنکەو بارەگاکانی پارتی لە سێگۆشەی سنووری نێوانی (ئێران- تورکیا- عێراق) دەوروبەری زنجیرە چیای خواکورک.

ئەگەرچی شەڕەکە لە ڕووی چەک و تەقەمەنی و چەکدار و تەکنەلۆجیا هێزی ئاسمانی و مووشەکی نابەرامبەر بوو لەگەڵ هێز و چەکی پێشمەرگەکانی پارتی، بەڵام حیکمەت و بۆچوری و شارەزایی سەرۆک مسعود بارزانی کەڕاستەوخۆ بەشداری ئەم داستانەبوو، هەروەها دڵسۆزی و ئازایەتی و بوێری و خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگەکانی پارتی و هێزی بەرگری میللی (هێزی بەرگری میللی، هێزێک بوو لە خەڵکی سڤیل و کەسوکاری پێشمەرگەکانی پارتی پێکهاتبوو کە لەک اتی شەڕ و هێرشدا ئەم خەڵکە هاوکاری لۆجستی پێشمەرگەی پارتییانەدکرد. بە گەیاندی چەک و تەقەمەنی و ئاو و خواردن و گواستنەوەی بریندار و چاودێریکردنی جموجۆلی دوژمن، بۆیە پێوستیە لێرەدا باسی ئازایەتی و دڵسۆزی و دلێری ئەو خەڵکە بکەین). هەموو ئەمانە بوونە ئەگەری شکستی دوژمن و سەرکەوتنی بێتۆنەی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی لە داستانی خواکورکدا کە 46 ڕۆژی خایاند 19/7/1988 تاکو 5/ 9/1988 سەرکەوتنی پارتی و بارزانی لەم شەڕەدا دەنگێکی گەورەی لە میدیا و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان دایەوە، کە چۆن هێزێکی پارتیزانی (پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان) توانیویانە ڕووبەڕوو دوژمنی سەرسەختی خۆیان (سوپای ڕژێمی سەدام) ببنەوە و بەسەریاندا سەرکەون، ئەو دوژمنەی 8 ساڵە بەوپەڕی هێزەوە شەڕی سوپای ئێرانی کردووە و بەسەریدا زاڵ بووە.

لە شەڕی خواکورکدا، فەیلەقێکی سوپای ڕژێمی سەدام و سەدان تانک و زرێپۆش و چەندین فرۆکەی هەلیکۆپتەر و فرۆکەی جەنگی و هێزی تۆپخانەو مووشەک... هتد، بەشداری ئەم شەڕەبوون و بەدرێژای 46 ڕۆژ شەڕی بەردەوام، هەرگیز دەنگی تەقە و تەقینەوە و بوردومانی فرۆکەجەنگییەکان و هەلیکۆپتەر نەدەبڕا. شایانی باسە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و بەشداری ئەم داستانەی کردووە و هەردەم بەڕێزیان ببووە مایەی بەرزی مۆڕاڵی پێشمەرگە، هەروەها حیکمەت و شارەزایی سەرۆک بارزانی لە شەڕی پارتیزانیدا ئەگەری سەرکەوتن بوون لە سەرکەوتنی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی لەم داستانە چارەنووسسازەدا.

چەند دێڕێک لە داستانی خواکورک

(خواکورک) زنجیرە چیایەکی سەخت و دوورە دەستە کەوتوتە دەڤەری سێگۆشەی سنووری (عێراق -ئێران -تورکیا)، ڕووبەڕی خواکورک نزیکەی 150 کیلۆمەتر چوارگۆشەو چەندان لوتکەی سەخت و بەرز و بڵند تێیدا هەڵکەوتووە، وەکو: (بنلیس، دالانپەڕ، کۆراوا، کانی خاسکە، گامێشە)... هتد.

لە سەروبەندی تەواوبوونی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، ڕژێمی بەعس پیلانی هەبوو لەگەڵ ڕاگەیاندنی بڕیاری کۆتاپێهێنانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق 8/8/ 1988 هێرش بکاتە سەر بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و چونکە پاش بڕیاری ڕاگەیاندنی شەڕی (عێراق-ئێران) و پێشهات و بارودۆخی پاش کۆتاییهاتنی شەڕی (ئێران-عێراق) بۆ ئامادەبوون شلۆقەکرد، هەروەها سەرۆک بارزانی پێشبینی ئەوەی کردبوو کە سوپای ڕژێمی سەدام حوسێن پاش وەستانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، لە زووترین کاتدا هێرش دەکاتە سەر کوردستان.

هەروەها لە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بانگهێشتی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی لەم داستانە چارەنووسسازەدا.

هەروەها جەنابی سەرۆک مسعود وەکو قوتابییەکی ڕێبازی بارزانی نیشتمانی بەوەهەبوو کە بزاڤی رزگاریخوازی کوردو شۆڕشی گوڵان پەیوەندیی نییە بە بوون و نەبوونی شەڕو لەنێوان ئێراق و ئێران یاخود هەر ئەگەر و بارزانی و توانا و زەند و بازووی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی و ژمارەیەک لە ڕێکخستنەکانی حزبی و جەماوەرییەکان و (بەرگری میلیی) و ئاوارەکان و خەڵکی دەڤەرەکە توانیان ڕووبەڕووی ئەو هێزە زەبەلاحەی سوپای عێراق بنەوە و هێرشەکانی بشکێنن و سەرکەوتنێکی بێوێنە بەسەریاندا تۆماربکەن.

شەڕی داستانی (خواکورک) لە 19ی تەموز هەتا 5ی ئەیلوولی 1988 بەبێ وەستان شەو و ڕۆژ بەردەوام بوو، لەم ڕووەوە ڕۆژانە ئێزگەی (دەنگی کوردستان) هەواڵەکانی جەنگ و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی بە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ڕادەگەیاندو بێگومان (ئێزگەی دەنگی کوردستان) ڕۆڵیکی بەرچاوی بینی لە بڵاوکردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکانی داستانی خواکورک، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو بەسەر ووڕە و مۆڕاڵی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی و تەواوی خەڵکی کوردستان لە هەموو شوێنێک. هەروەها پێشمەرگە قارەمانەکان و تۆپخانەی شۆڕش) و بێتەڵ و پرینپێچ، هەمووبان لە چوارچێوەی بڕیار و ڕێنماییەکانی سەرۆک بارزانی سینگی خۆیان کردە قەڵغان و قوربانی پاراستنی دۆزی کورد و ئازادی کوردستان. خەبات و گیانفیدایی و بەرخۆدانی سەرۆک مسعود بارزانی و پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی لە داستانی خواکورەدا، زامنی ئەوەبوون کە لە 5ی ئەیلولی 1988 مووژەی سەرکەوتنی پێشمەرگە لەسەرانسەری کوردستان و جیهان یلاوکرایەوە و جەنابی سەرۆک لە وتارێکدا کە ئاراستەی پێشمەرگە قارەمانەکانی فەرمووی:"نازانم چۆن سوپاستان بکەم، هەر ئەوندە دەڵێم کە بە قورسایی کێوەکانی کوردستان شەرف و کەرامەتتان لێدەباڕێ". ئەم گوتەی جەنابی سەرۆک بارزانی میدالیای ئازایەتی و پاڵەوانی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بوو، لە داستانی شەڕی خواکورەدا.

بەمشێوەیە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بۆ دۆست و دوژمنان سەلماندیان کە هەرگیز پارتی و بارزانی ئیرادەیان نەشکاوە و ناشکێت و ئەوان کوڕانی ڕۆژانی سەختی خەبات و پارێزەری گەل و وڵاتن.



پێشبینییەکانی سەرۆک بارزانی لەداستانی خواکورکدا

پێش بینی یەکەم:

وەکو پێشتر باسمانکرد، لە نیوەی دووەمی ساڵی 1988 هەر بە پەیدابوونی دەنگۆی ئەوەی کە لەوانەیە شەڕی نێوان عێراق و ئێران ڕاوەستێت. لە سەرەتای مانگی ئاب/ 1988 فاکتەرێکی دیکە، بەڵکو شۆڕشی گوڵان کە دریژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلولی مەزنە و هەمان ئەرک و ئامانجی هەیە، بۆیە هەر لە سەرەتای مانگی ئابدا جەنابی سەرۆک بارزانی لە کۆبوونەوەی (سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی)دا دوایین هەوڵەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئامادەکردنی بڕیاری ڕاوەستاندی شەڕی نێوان (عێراق-ئێران) و پێشهات و بارودۆخی پاش کۆتاییهاتنی شەڕی (ئێران-عێراق) بۆ ئامادەبوون شلۆقەکرد، هەروەها سەرۆک بارزانی پێشبینی ئەوەی کردبوو کە سوپای ڕژێمی سەدام حوسێن پاش وەستانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، لە زووترین کاتدا هێرش دەکاتە سەر کوردستان.

هەروەها لە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بانگهێشتی و چەندین قارەمانی دیکە گەیشتنە بەرەکانی جەنگ، هەروەها کەسوکاری پێشمەگەقارەمانەکانی پارتی ئەوانەی ئاوارەی ئیران بوون و و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان هەر گرووپەو سەربەری ئەوەی کە بەشداری چەکدارانەیان ڕاستەوخۆیان هەبوو لە بەرەکانی شەڕ، هەروەها لە بوای لۆجستی و دابینکردنی خۆراک و کەلوپەل و پێویستی یە (لۆجستی)یەکانیشدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو.

ڕۆژ بە ڕۆژ گوشار و هێرشەکانی دوژمن تونەتر دەبوو، لەبەرامبەریشدا تادەهات هەڵمەت و بەرگری پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بەهێزتر دەبوو. هێزی پێشمەرگەی پارتی بێ هیچ پاڵپشتییەکی دەرەکی خۆی بەحیکمەتی جەنابی سەرۆک بارزانی لە کۆبوونەوەی ئاسای سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیدا، جەنابی سەرۆک بارزانی بیرو بۆچوون و پێشهات و مەزندەکانی خۆ دەربارەی قۆناغی پاش ڕاوەستانی شەڕی (ئێران-عێراق) بۆ (سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی) شلۆقە کرد، هەروەها بەڕێزیان مەترسی ئەوەی خستەڕوو کە پاش وەستاندی شەڕی نێوان (ئێران و عێراق) دووڕنییە سوپای ڕژێمی سەددام حوسێن هێرشێکی بەرفراوان بکاتە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ لەناو بردنی دۆزی کورد.

هەر لەم ڕووەوە، ڕۆژی 11ی تەمۆزی) 1988 (واتا 3ڕۆژ بەر لە جوڵەی سوپای ڕژێمی سەدام بۆ سەر دەڤەری خواکورک)، سەرۆک بارزانی داوای بەستنی کۆبوونەوەی (نائاسایی) کۆمیتەی ناوەنی پارتی کرد و لەو کۆبوونەوەیەدا بارزانی ئامادەبووانی ئاگادارکردەوە لە هەوڵەکانی سوپای ڕژێمی بەعس لە هێرش کردنە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی پارتی و لەو کۆبوونەوەیەدا جەنابی سەرۆک بارزانی چەندین بڕیاری سیاسی و عەسکەری و لۆجستی دا دەربارەی ئامادەکردنی هێزی پێشمەرگە پارتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێرشی سوپای عێراق.

پێشبینی دووەم:

هەروەها لە میانەی کۆبوونەوەکانی سەرۆک بارزانی لەگەل هێزەکانی پێشمەرگە لە دوارۆژەکانی داستانی خواکورک. سەرۆک بارزانی لە وتارێکی میژوویبدا پێشبینی دووەمی خۆی لە قۆناغی شەڕی (خواکورک) بۆ پێشمەرگەکانی خستەڕوو، بەڕێزیان ئاشکرای کرد کە: "ئەگەرچی دوژمن (ئیمکانیاتێکی) ئێجگار زۆری لەبەر دەستدایە، بەڵام لە دونیادا شتێک نییە بەناوی (موستەحیل) بە مانای ئەوەی کە (سەرکەوتنی پێشمەرگە موستەحیل نییە)، هەر لەو ڕۆژەدا کە لەڕووی سەربازییەوە پێشمەرگەی پارتی بەسەر سوپای ڕژێمی بەعس سەردەکەوێت، هەر ئەمەبوو ڕوویدا، لە 5/9/1988 مووژەی سەرکەوتنی پێشمەرگەی پارتی و بارزانی بە هەموو جیهاندا بڵاو بووەوە.

پێشبینی سێهەم:

لەهامان وتاری خۆیدا، سەرۆک بارزانی پێشبینی کرد کە پاش سەرکەوتنی پێشمەرگەی پارتی لە شەڕی خواکورکدا، گۆڕانکاری گەورەی سیاسی لە (عێراق) و ناوچەکەدا ڕووددەدن. ئەم پێشبینییە سەرۆک بارزانی لە بەهاری سالی 1991 هاتدی (واتا دوو ساڵ پاش داستانی خواکورک) ئەویش بە ڕاپەڕینە مەزنەکی خەڵکی کوردستان و کشانەوەی ڕژێمی سەددام لە کوردستان و دابینکردنی ناوچەی دژەفڕین (نۆفلای زۆن) لە کوردستان و دواتر ڕوخاندنی سەددام حوسێن لەلایەن ئەمریکا و... هتد، حیکمەتی سەرۆک بارزانی لەوەدایە کە ڕێبەڕێکی بەجەرگ و چاونەترسە، خەباتکارو شۆڕشگێڕو شارەزایە، دیپلۆماتکارو سیاسەتمەدارە، خوێنەرێکی بلیمەتی بارودۆخی سیاسی و عەسکەری ئەقلیمی و نێودەوڵەتییە، لە کۆتاییدا پێشمەرگەیەکی دڵسۆزە.

لە 31ی ساڵیادی سەرکەوتنی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی لە داستانی مەزنی (خواکورک)دا، هەزار سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێبازی بارزانی، لەسەرووی هەموویان بارزانیی نەمرو شەهیدی هەمیشە زیندوو کاک ئیدریس بارزانی.

داستانی خواکوڕک دوای وەستانی جەنگی عێراق ـ ئێران

پەیامێک بوو بۆ جیهان و ناوچەکە، کە پێشمەرگە بەرگری لە مانەوەی گەلەکەی دەکات



سەرۆک بارزانی لەشەڕی خواکوڕکدا قسە بۆ پێشمەرگە دەکات



دڵشاد مستەفا وەسانی

ساڵی 1988 وێڕای ئەوەی ساڵی ئەنفاڵە بەدناوەکە بوو، کە حکوومەتی عێراق بە بەرچاوی جیهان، لە پەنای جەنگی عێراق – ئێراندا، پەلاماری کوردستانی دەدا، ئەو ساڵە زۆرترین بەرنامەی جینۆسایدی کورد جێبەجێ کرا، هەر لە بۆردومانکردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی لە 16ی ئادار، تا جێبەجێکردنی هەموو قۆناغەکانی ئەنفال، کە لە مانگی ئابی ئەو ساڵەدا کۆتایی هات، لەگەڵ هەموو ئەو تاوانانەشدا، وەستانی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق– ئێران، وەک هۆکارێک بۆ تواندنەوەی کورد بەکارهێنا، چونکە حکوومەتی عێراق وەستانی جەنگی بە دەرفەت زانی، بۆ ئەوەی تەواوی سوپا و توانا سەربازییەکانی بۆ لەناوبردنی کورد بەکاربێنێت.

ساڵی 1988 هاوشێوەی ساڵی 1975 عێراق و ئێران ڕێککەوتن، ڕاستە لە 1975 شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە نەبوو، بەڵام ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە 6ی ئاداری 1975بووە هۆی ئەوەی تاران و بەغدا لەسەر دژایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلوول ڕێکبکەون، لێ لە ساڵی 1988 دوای هەشت ساڵ شەڕی نێوانیان، جارێکی دی بارودۆخێک بۆ گەمارۆدانی شۆڕشی کوردستان پەیدابوو، بۆیە ڕووداوی 1988 ئەوەی سەلماند کە هۆکاری دەرەکی، کاریگەری خۆی هەیەو هەموجار گورزی گەورە بەر کورد کەوتووە، بەداخەوە لە قۆناغی دوای 1975 تا ساڵی 1988 کاریگەریی دەرەکی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، وەک خۆی نەخوێندرایەوە، بەڵکو بۆ بردەودان بەناکۆکیی ناوخۆیی بەکارهێندرا.

ڕاگرتنی جەنگی عێراق – ئێران لە 8/8/1988 بەپێی بڕیاری 598ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕووداوێک بوو کە میدیا لەسەر ئاستی جیهان بایەخی زۆری پێدا، لە ناوخۆی وڵاتیش، ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕووداوەی ڕووماڵ کردووە، چونکە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق –ئێران کاریگەریی لەسەر کوردستان هەبوو، ڕاگرتنیشی بەهەمان شێوە، لە هەمان ڕۆژی ڕاگرتنی جەنگی عێراق– ئێراندا، سەرۆک بارزانی چەند نامەیەکی بۆ سەرۆکی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان نووسیوە، سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشاون کە جەنگ کۆتایی هات، بەڵام ڕژێمی عێراق هەموو هەوڵی سەربازی خۆی لە کوردستان چڕکردۆتەوە.

کە لە 8/8/1988دا شەڕی عێراق– ئێران ڕاگیرا، 21 ڕۆژ بوو پێشمەرگە لە خواکوڕک ڕووبەڕووی سوپای عێراق وەستابووەوە و بەرگریی دەکرد، بۆیە لە یەک کاتدا، هەم پێشمەرگە بەرگریی لە خاکی کوردستان کرد، هەم لە 8/8/1988 سەرۆک مەسعود بارزانی هەڵمەتێکی دیپلۆماسیی دەست پێکرد، وێڕای ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق بەیاننامەیەکی دەربارەی ڕاگرتنی شەڕی عێراق–ئێران و شەڕی جینۆساید لە کوردستنی عێراق ڕاگەیاند و یاداشتێکی بۆ پیریز خافیر دیکویلار سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد کە لە 8/8/ 1988 دەرچووە، سەرۆک بارزانی چەند نامەو یاداشتێکی بۆ سەرۆکی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نارد، تیایاندا باسی ئەو مەترسیانەی کردبوو کە ڕاستە شەڕی نێوان دوو وڵات ڕاوەستا، بەڵام حکوومەتی عێراق لە کوردستان دڕێژە بە جینۆسایدی گەلی کورد دەدات، ئەو نامەو یاداشتانەی سەرۆک مسعود بارزانی نارد ئەمانە بوون:

1- یاداشتێک بەناوی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی عێراق لە 8/8/1988 بۆ حزب و ڕێکخراو و بزووتنەوەو کەسایەتیی گرنگ.

2- نامەیەک بەناوی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی عێراق بۆ میخائیل گۆرباشۆف سکرتێری گشتی حزبی شیوعی سۆڤیەت لە 8/8/1988.

3- نامەیەک بەناوی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی عێراق بۆ رونالد ریگان سەرۆکی کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە 8/8/1988.

4- نامەیەک بەناوی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی عێراق بۆ موعەمەر قەزافی لە 8/8/1988.

5- نامەیەک بەناوی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی عێراق بۆ حافز ئەسەد سەرۆکی سوریا لە8/8/1988.

6- نامەیەک بەناوی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی عێراق بۆ ڕاجیڤ گاندی سەرۆکوەزیرانی هیندستان لە 8/8/1988.

7- هەروەها یاداشتی سەرۆک مسعود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە 14/8/1988 بۆ دەستە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە دیموکراتی و مرۆییەکان و ڕای گشتی لە جیهان کە ئاماژەی بەوەداوە هەر لەو کاتەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەزامەندی لەسەر بڕیاری ژمارە 598ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوە، ڕژێمی بەغدا هەموو هەوڵی سەربازی خۆی دژی گەلی کورد چڕکردۆتەوە و بەردەوام هێرش دەکاتە سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان و پێشمەرگە شەڕی بەرگری دەکەن. داوا دەکات پشتیوانی گەلی کورد کوردستانی عێراق بۆ شازلی قلیبی ئەمیندارێ گشتی کۆمکاری عەرەبی لە 8/8/1988.

تەمووزی 1988 واتە ڕۆژێک دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەزامەندی لەسەر بڕیاری 598ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕاگرتنی جەنگی عێراق – ئێران پیشان دا، سوپای عێراق بەردەوامیی بە لەناوبردنی گەلی کورد دا، سوپا و فەوجی جاشەکان لەو ڕۆژە (19ی تەمووزی 1988) پەلاماری ناوچە سنووربییەکانی هەردوو ناحیەی شێروان و سیدەکان بەدەوام بوو و بە داستانی خواکوڕک ناسرا، هەر لە ژمارە 593دا خەبات ڕاپۆرتێکی لە لاپەڕە 5 لەبارەی داستانی خواکوڕک بڵاوکردۆتەوە و پاشماوەکەی چووتە لاپەڕە 13 ئەمە دەقی ڕاپۆرتەکەیە لەبارەی داستانی خواکوڕک:

"گشتیان پێکەوە هەر یەکێکیش بە تەنیا، قارەمان تۆپ و ڕاجیمە و فڕۆکەدا بە بەرەی پێشەوە دەگەیاند.

لەمەش زیاتر ئاو و هەوای کوردستان، دار و بەرد و تاشە بەردەکانی زنجیرە چیای دەوروبەری خواکوڕک و دۆڵ و شێوەکانی هەریەکەیان قارەمانێک بوون و ڕۆڵی چاکیان هەبووە لە تۆمارکردنی دەیان داستان. داستانەکانی شەڕی خواکوڕک بە پیتی زێڕین لە لاپەڕەکانی میژووی شۆڕشگێڕی گەلەکەماندا تۆمار دەکرێن.

خواکوڕک دەبێتە سرود، پەخشان، چیرۆک، داستان و لەناو دڵی ڕۆڵەکانی کوردستاندا، ئەزبەر دەکرێن و بۆ نەوەکانی داهاتووی کورد دەبێتە کەلەپوور و میرات.. بەڵێ خواکوڕک و پیاوەتی و فیداکاری و هیمەت و قارەمانێتی تێکەڵ بە یەک غیرەت و فیداکاری نواندن بوون، خواکوڕکە و داستانی قارەمانانە.

لە 19/7/1988ەوە تا وەکو 5/9/1988 ئەم وێنانە تۆمار کراون: دەیان هێرشی بەربلاویی سوپایی، تیایاندا هەموو جۆرە چەکێکی مودێرن بەکارهاتوون، لەوانە چەکی کیمیاوی، هەموو ئەم هێرشانە تێکشکاون و دوژمن نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێک تۆمار بکات، هەندێ شوێن لەبەر مەسائیلی پێویستی چۆڵ کران نەک دوژمن داگیری کردبێ، تا دوای ئەم مێژووەش دوژمن بەسەرکەوتوویی نەهاتە پێش.

هێزەکانمان: هێزەکانی بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و هێزەکانی لقەکانی چوار و سێ و دووی پارتیمان بوون، لەگەڵ بەرگری میللی قارەمان و مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە ئازاکانی حزبی شیوعی عێراقی هاوپەیمان.

هێزەکانی دوژمن: فەیلەقی یەکەم، فەیلەقی پێنجەەم، پتر لە 30 فەوجی جاشان، پتر لە 5 کەتیبەی تۆپخانەی گەورە و ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاوەن، سێ کەتیبەی تانک، چەندین سربی فڕۆکە و هلیکۆپتەر، چەکی کیمیاوی بەکارهێنان و بریندار بوونی 63 پێشمەرگە.

زیانی دوژمن: 11 لیوای سوپا زیانێکی زۆریان پێکەوت، زیانێکی زۆر بە وەحدەیەک لە هێزەکانی ئەمنی ناوخۆی ڕژێم کەوت. نزیکەی 8450 کوژراوی سوپایی، لەوانەش لاشەی پتر لە 1000 کوژراو کەوتنە بەردەستی پێشمەرگە، لەوانەش ڕائید محەمەد صگر سلوم و حەوت ملازم و ملازم ئەوەل، ژمارەیەکی زۆر لە سوپا یەخسیرکران و 5 ئەفسەریشیان لەناودا هەبوو 4 فڕۆکەی هلیکۆپتەر خرانە خوارەوە، هەموو لیواکانی تر و فەوجە سووکەکان زیانی زۆریان پێکەوتووە.

دەسکەوت: پتر لە 600 پارچە چەکی سووک و ناوەنجی، 35 ئاڕپیجی، 18 بێتەل، کەلوپەلی زۆری سوپایی، لەوەش ژمارەیەک قینای گازی ژاراوی.

سڵاو و نەمری بۆ ئەم شەهیدە قارەمانانە و گشت شەهیدانی

ناوی شەهیدانی داستانی خواکوڕک

* حامد شیڤی
* ئەحمەد تەها ئیسماعیل
* فەتاح عوسمان ئەرگۆشی
* ئیبراهیم زاهیر پێندرۆیی
* هاوڕێ مام عەلی/ حزبی شیوعی
* جەمال محەمەد ئەمین
* محەمەد چاوشین
* قادر سەعید مستەفا
* بابەڕەسوڵ شێخ سالّح
* عەبدولخالق ئەحمەد سەعید/ قوتابیان
* حەسەن عەقراوی
* نەزیر محەمەد تاهیر
* مەلا بەحری شوکری مەجید/ یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان
* وەلی حاجی عارف
* ڕەحمان مەجید
* حازم محەمەد شلی
* جەوهەر علی شلی
* ئیسماعیل یاسین حامد
* عەبدوڵلا حاجی ستونی
* ئەسعەد چیچۆ یەحیا دری
* کەیفی ئەحمەد برادۆستی
* عەلی سەلیم باجلوری
* زۆراب غازی ئەرگۆشی
* ئەحمەد محەمەد ئەحمەد
* فەرەیدون عەبدوڵلا
* حەمەخان ئەمین
* چاوشین خانۆ
* جەبار عوسمان مەردان





خەبات، ژمارە 593ی سەرەتای ئەیلوولی 1988 ،هەواڵی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٤) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٣٤٨٧٥١ بەروار ٢٠١٩/٣/٤ بەبری ٧٥٠٠٠٠ بەناوی فکری محمد عسی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر بەناوی هەڤال حسین صابیر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقودين ١-: مراد ماجو خلف ٢- عدلو مطو خلف ٣- هادي ماجو خلف

قدم السيد المخبر/ صباح صبري ماجو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانكم بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقودين كل من ١-: بركات محمود خرو ٢- فرمان بركات محمود ٣- فرمان بركات محمود

قدم السيد / سلطان بركات محمود طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقودين ١-: امين شكر فارس ٢- شكر فارس خلي ٣- محمود شكر فارس ٤- فريده شكر فارس ٥- هيفاء شكر فارس ٦- هادي شكر فارس ٧- عيسى هادي شكر ٨- عيده هادي شكر

قدم السيد / جلال شكر فارس طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقوده : سيرما حسين خدر

قدم السيد / حسين خدر حنتو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە: ١٩٨/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٥

جاردان

بۆ/ داوالێکراو/ فهمی عونی محمد

لەسەر داوای داواکار (نوزاد یحیی سعید) لە داوای ژمارە (١٩٨/ب/٢٠١٩) تەم دادگایە لەبەروارى ٢٠١٩/٨/٢٠ بریاریدا لەسەرتان بە پابەندکردنتان بەچۆڵکردنی خانووی ژمارە ١٣٤/٢٧٩ ك ٤٥ وارش وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی رونا‌کی و جمهوری) لە ٢٠١٩/٢/٢٨ بڕیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی یاساییدا، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە: ١٢٥٥/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٩

جاردان

بۆ/ ١- خلیل احمد حمد ٢- کلثوم احمد حمد ٣- محمد عبدالله احمد

لە داوای ژمارە ١٢٥٥/ب/٢٠١٩ ئەم دادگایە لە رێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٦ بڕیاریدا لەسەرتان بە نەهێشتنی کۆبەشی لەسەر مۆلکی ژمارە ١٨/٩٦ ك ٤٦ وارش وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکەکانی تەیراوە و شێخ احمد و کوردستان) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەبڕیارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بڕیارەکە پاشملەیە و شیاوی (نارازی و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەیە) و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی یاسایی، بەپچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

داوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٥٤٤٤/٦

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر لەدەلوبەرەی (١) شوێن مولکی شارەوانی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای وەرزشی لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە ٢/٨٩٨٢ ك ٨٦ گەرەسور) بە رووبەری (٦ دۆنم ٣ ئولك ٥٠م٢) بەکرێی ساڵانەی بۆ (١م٢) (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ مساطحە بەمزایدەی ئاشکرا ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا بە سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٨ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانیزە و نیوی نیوەرۆ لە رۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە رێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێنداراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ٣٤٢٥/٧

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٤

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر نازاد قاسم مولود بریکاری گشتی بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای دارین سەرەرای کارەکەی)

هۆشدار لێکراو: (ڤیرتو) بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر نازاد قاسم مولود بریکاری گشتی بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای دارین سەرەرای کارەکەی) بە ژمارە (٦٧/١٣٦٦) لە ٢٠١٩/٨/١٨ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بۆ دانی کرێی دوکانەکەت لە فاملی مۆل لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سەفین ٣/٢/١ لە قەزای دەشتی هەولێر لە ٢٠١٩/٩/٣ بۆیە لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

شوان فوزی زەکی

دادنووسی هەولێر

***

ئیدارەی ڕاپەرین/ کاروباری هونەری بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ٨١٥

کۆدی پرۆژە: (MI-RA- ١١) ساڵی ٢٠١٩ز

کەمکردنەوەی نهێنی/ کەمگیری کراوە

بۆ پرۆژەی: (خزمەتگوزاری پاککردنەوەی نەخۆشخانە گشتییەکان و سەنتەری گورچیلەی دەستکرد و سەنتەری دەم و ددان لە ڕانیە و قەڵادزێ و تاقیگەی ناوەندی و پزیشکی دادوەری لە ڕانیە) بەپێی نوسراوی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ خەرجییەکان، کە لەسەر بودجەی ئاسایی وەزارەتی تەندروستی جێبەجێ دەکرێت. ئیدارەی ڕاپەرین بانگهێشتی سەرجەم بەڵێندەران و کۆمپانیاکان دەکات کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ بۆ زانین کرێبار دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪)ی نرخی خەملێنداراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و ڕسومی تۆمارکردن لەسەر کرێبارە.

ناوی خاوەن قەرز (مصرف الشمال للتمويل و الاستثمار)

ناوی خاوەن مولك قەرزار (زمیران سلیمان حدو)

ژمارەی مولك (٤٠/٣٥٣) ك ٤٤ وارش)

شوێنی مولك (گەرەکی بەختیاری)

ڕووبەری مولك (٢٠٠)م٢

جۆری مولك (خانوو – مولکی تەواو)

پێکهاتەکەی: گراج یەك ژوور حمام و مرافق لە نهۆمی یەکەم و دوو ژوور استقبال مطبخ و حمام مرافق سێ ژوور حمام مرافق لە بلوك و کونکریت دروستکراوە.

هێور محمد احمد

بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی

گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٤٧/١٠٠

رێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٣

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١) شوێن مولکی شارەوانی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای وەرزشی لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە ٢/٨٩٨٢ ك ٨٦ گەرەسور) بە ڕووبەری (٦ دۆنم ٣ ئولك ٥٠م٢) بەکرێی ساڵانەی بۆ (١م٢) (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ مساطحە بەمزایدەی ئاشکرا ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا بە سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٨ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانیزە و نیوی نیوەڕۆ لە رۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە رێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێنداراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ٣٤٢٥/٧

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٤

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر نازاد قاسم مولود بریکاری گشتی بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای دارین سەرەرای کارەکەی)

هۆشدار لێکراو: (ڤیرتو) بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر نازاد قاسم مولود بریکاری گشتی بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای دارین سەرەرای کارەکەی) بە ژمارە (٦٧/١٣٦٦) لە ٢٠١٩/٨/١٨ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بۆ دانی کرێی دوکانەکەت لە فاملی مۆل لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سەفین ٣/٢/١ لە قەزای دەشتی هەولێر لە ٢٠١٩/٩/٣ بۆیە لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

شوان فوزی زەکی

دادنووسی هەولێر

***

ئیدارەی ڕاپەرین/ کاروباری هونەری بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ٨١٥

کۆدی پرۆژە: (MI-RA- ١١) ساڵی ٢٠١٩ز

کەمکردنەوەی نهێنی/ کەمگیری کراوە

بۆ پرۆژەی: (خزمەتگوزاری پاککردنەوەی نەخۆشخانە گشتییەکان و سەنتەری گورچیلەی دەستکرد و سەنتەری دەم و ددان لە ڕانیە و قەڵادزێ و تاقیگەی ناوەندی و پزیشکی دادوەری لە ڕانیە) بەپێی نوسراوی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ خەرجییەکان، کە لەسەر بودجەی ئاسایی وەزارەتی تەندروستی جێبەجێ دەکرێت. ئیدارەی ڕاپەرین بانگهێشتی سەرجەم بەڵێندەران و کۆمپانیاکان دەکات کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ بۆ زانین کرێبار دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪)ی نرخی خەملێنداراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و ڕسومی تۆمارکردن لەسەر کرێبارە.

ناوی خاوەن قەرز (مصرف الشمال للتمويل و الاستثمار)

ناوی خاوەن مولك قەرزار (زمیران سلیمان حدو)

ژمارەی مولك (٤٠/٣٥٣) ك ٤٤ وارش)

شوێنی مولك (گەرەکی بەختیاری)

ڕووبەری مولك (٢٠٠)م٢

جۆری مولك (خانوو – مولکی تەواو)

پێکهاتەکەی: گراج یەك ژوور حمام و مرافق لە نهۆمی یەکەم و دوو ژوور استقبال مطبخ و حمام مرافق سێ ژوور حمام مرافق لە بلوك و کونکریت دروستکراوە.

هێور محمد احمد

بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی

گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٤٧/١٠٠

رێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٣

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١) شوێن مولکی شارەوانی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای وەرزشی لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە ٢/٨٩٨٢ ك ٨٦ گەرەسور) بە ڕووبەری (٦ دۆنم ٣ ئولك ٥٠م٢) بەکرێی ساڵانەی بۆ (١م٢) (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ مساطحە بەمزایدەی ئاشکرا ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا بە سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٨ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانیزە و نیوی نیوەڕۆ لە رۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە رێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێنداراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە : ١٠٤٨

رێکەوت : ٢٠١٩/٥/١٢

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانەی دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (عمر عزیز میران) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٤٢٦٤) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە : ١٠٤٨

رێکەوت : ٢٠١٩/٥/١٢

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانەی دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (عمر عزیز میران) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٤٢٦٤) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

دادگای بەرایی/ زاخو

ژمارە/ ٣٤٥/ب/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٤

ئاگەهداری

بو داوالێکراو (علی عمر علی) جهێ ئاکنجیبوونا بەرێ زاخو – هیزل جهێ ئاکنجیبوونا نوکه نەدیارە

داواکار (عبدالواحد سعید حسن) داوا ژمارە (٣٤٥/ب/٢٠١٩) لەسەر تە تۆمارکریە وتیدا داخازا کریا خانی یا ل سەر خانووبەرێ ژمارە (٢١٢٧/٢) کەرتێ ١٣ تلکەبەر) دکت و ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسین کارێز ژمارە (٢٨٨١) ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٢٨ و هەڤێچ دگەل پەسندا هەلبژارێ گەرەکا هیزل وەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان تۆمارکرابێت، وە پشتگیری بکرێن بەمەرجێك پشتگیریەکە ماوەی بەسەرنەچووبێت.

٣- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەروارى پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەبەردەوامی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان لە ئیدارەی ڕاپەرین بکەن، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە.

٤- ئەو بەڵێندەرانەی بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری یان هەر سەرنج و تێبینیەك دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین بکەن.

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی ساڵی (٢٠١٩)ز بهێنن.

٦- پێویستە لەسەر بەڵێندەر دەستەبەرێکی بانکی (خطاب ضمان)یەك بەبری (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) تەنها بیست و پێنج ملیۆن دینار بهێنێت بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ.

٧- ئیدارەی ڕاپەرین پابەند نییە بە کەمترین نرخ لەسەر هەژماری لایەنی هونەری.

دلاوەر قباد احمد

ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەرین

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە : ١٦٨٦

ریکەوت : ٢٠١٩/٨/٢٩

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانەی دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (عبدالرحیم خلیفە حمە امین) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٢١٥٧) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە : ١٠٤٨

رێکەوت : ٢٠١٩/٥/١٢

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانەی دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (عمر عزیز میران) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٤٢٦٤) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

دادگای بەرایی/ زاخو

ژمارە/ ٣٤٥/ب/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٤

ئاگەهداری

بو داوالێکراو (علی عمر علی) جهێ ئاکنجیبوونا بەرێ زاخو – هیزل جهێ ئاکنجیبوونا نوکه نەدیارە

داواکار (عبدالواحد سعید حسن) داوا ژمارە (٣٤٥/ب/٢٠١٩) لەسەر تە تۆمارکریە وتیدا داخازا کریا خانی یا ل سەر خانووبەرێ ژمارە (٢١٢٧/٢) کەرتێ ١٣ تلکەبەر) دکت و ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسین کارێز ژمارە (٢٨٨١) ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٢٨ و هەڤێچ دگەل پەسندا هەلبژارێ گەرەکا هیزل

وون بوون

ناسنامەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر بەناوی هەڤال حسین صابیر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٤) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٣٤٨٧٥١ بەروار ٢٠١٩/٣/٤ بەبری ٧٥٠٠٠٠ بەناوی فکری محمد عسی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقودين ١-: مراد ماجو خلف ٢- عدلو مطو خلف ٣- هادي ماجو خلف

قدم السيد المخبر/ صباح صبري ماجو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانكم بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقودين كل من ١-: بركات محمود خرو ٢- فرمان بركات محمود ٣- فرمان بركات محمود

قدم السيد / سلطان بركات محمود طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقودين ١-: امين شكر فارس ٢- شكر فارس خلي ٣- محمود شكر فارس ٤- فريده شكر فارس ٥- هيفاء شكر فارس ٦- هادي شكر فارس ٧- عيسى هادي شكر ٨- عيده هادي شكر

قدم السيد / جلال شكر فارس طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقوده : سيرما حسين خدر

قدم السيد / حسين خدر حنتو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە: ١٩٨/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٥

جاردان

بۆ/ داوالێکراو/ فهمی عونی محمد

لەسەر داوای داواکار (نوزاد یحیی سعید) لە داوای ژمارە (١٩٨/ب/٢٠١٩) تەم دادگایە لەبەروارى ٢٠١٩/٨/٢٠ بڕیاریدا لەسەرتان بە پابەندکردنتان بەچۆڵکردنی خانووی ژمارە ١٣٤/٢٧٩ ك ٤٥ وارش وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی رونا‌کی و جمهوری) لە ٢٠١٩/٢/٢٨ بڕیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی یاساییدا، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهوك

بەشێ کۆمپانییێن نیشتمیانی

ژمارە: ٤٠٦٢

بەروار: ٢٠١٩/٩/٤

بریارا پاکتاوکردنی کۆمپانیا (سنوردار)

پاڵپشت بە ناڤەرۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (FIRST IRAQ COMPANY) بۆ (بارزگانی گشتی و هێنان و بردن/ سنوردار) ل رێکەفتی (٢٠١٩/٨/٢٠)ێ تایبەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا و دانانا بەرێز (علی عرب حسین) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری. ئەز وەکو رێڤەبەرێ کومپانییێن دهوکێ بریارا سەری پەسەندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠)ێ ژ یاسایا تومارکرنا یا ژمارە (٢١) ێ سالا (١٩٩٧)ێ یا هەموارکری.

و ئەڤ بریارە هاتیە نڤیسین ل رێکەفتی ٢٠١٩/٩/٤

مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن

رێڤەبەرێ کۆمپانیان/ دهوك

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (FIRST IRAQ COMPANY) بۆ (بارزگانی گشتی و هێنان و بردن/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە (پارێزگای دهۆك)

پاکتاوکار / علی عرب حسین

ناونیشان / زاخو - سپیریز

ژمارا موبایل / ٠٧٥٠٤٧٣٨٦٩٨

ئیمیل: Lawyerali9@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٦٣٢٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٣

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (محمد احمد اسماعیل) بۆ (بازرگانی گشتی/ تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێك ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/9/5 ژمارە (5822)
خەبات




31 ساڵیادی تۆمارکردنی داستانی خواکورک
داستانی خواکورک سەلماندی پارتی و ڕێبازی بارزانی هەرگیز ملکەچی داگیرکەران نەبوونە

داستانی خواکورک یەکێکە لەو داستانەی کە توانی سەروەری بۆ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلی کوردستان تۆمار بکات، سەرکەوتنی داستانی خواکورک دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئازایەتی و پێشمەرگایەتی و حەکیمانەی جەنابی سەرۆک بارزانی کە ڕاستەوخۆ شان بەشانی پێشمەرگە نەبەرد و قارەمانەکانی کوردستان بەشداری لە بەرەکانی شەڕ دەکرد و سەرپەرشتی تەواوی داستانەکەی دەکرد لە هەموو بەرەکانی شەڕدا، لەم داستانەدا پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی پارتی و بارزانی بۆ دۆست و دوژمنانیان سەلماندیان، کە پارتی و ڕێبازی بارزانی هەرگیز دەست بەرداری مافی گەل و خەڵکی کوردستان نابن و لە هیچ بارودۆخێکدا پێشمەرگەی پارتی و بارزانی ملکەچی داگیرکەران نابن و هەرگیز ئیرادەی پارتی و بارزانی نەشکاوە و ناشکێت. بۆیە لەم داستانەدا (شەڕی خواکورک) پێشمەرگەکانی پارتی دەستەویەخە بە چەکی پێشمەراگایەتی و مۆرال و بیروباوەڕێکی بەرز و بەهێزەوە ڕووبەڕووی سوپا و جاشی ڕژێمی سەدام حوسێن بوونەوە و سەرکەوتێنکی مەزنیان لە داستانەداکەدا تۆمار کرد، کە بووە هۆی ئەوەی دوژمن لەو دەڤەرەدا پاشەکشێ پێ بکات. بۆیە لە 31ەمین ساڵیادی تۆمارکردنی سەرکەوتنی یەکجارەکی لە داستانی خواکورک، ڕۆژنامەی خەبات بە پێویستی زانی سەردانی هەندێک لەو پێشمەرگانە بکات، کە ڕاستەوخۆ بەشداربیان لەو نەبەردییەدا کردووە، بۆ ئەوەی لە یادەوری ئەوانەوە ڕۆژانی سەخت و خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بخەینە بەردیدی خوێنەرانی ئازیزی ڕۆژنامەی خەبات.

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژلاوکی

1



سەباح بەیتوللا

خواکورک...
سەرکەفتنا ئیرادەیا گەلێ کورد

ل ناڤ پێلان مەلەڤان خویا دبن و ئەلهۆ ل ئەسمانا و قەهرەمان ژی ل تومارکرنا داستانا ، ئەگەر بەرپەرێت دیرۆکا مللەتێ خۆ هەلدەینەڤە دێ بینێ چ خەبات و بەرخودان و قوربانی هاتیە کرن و پێشکێش کرن بۆ ڕزگاریا کورد وکوردستانێ..

لێ مالباتا بارزان بەرسینگێ هەمی دوژمن و داگیرکەرێت کوردستانێ گرتیە و سەر بۆ ئیرادەیا وان نەچەماندیە و داخازا مافێ مللەتێ خۆ کری یە.

ل سالا 1914ێ شێخ عبدالسلام بارزانی ب سەربلندی چو سەرداریێ قەنارێ و سەر بۆ دوژمنی نەچەماند.


شێخ ئەحمەدێ بارزانی چەندین سالا دزیندانێ دا و قەیدو زنجیرادا منەتا دوژمنی نەدزانی و ڕوژەکێ ل ڕوژا ژی داخازا لێ بورینێ نەکر و وەکی چیایەکێ موکم و پیلایی بەرامبەر ب ڕێژیما شوفینیا وی سەردەمی ڕاوەستا.

بارزانیێ نەمر ژی ل هەمی ژیانا خۆ یا پڕ سەرفیرازی ڕۆژەکێ ل ڕۆژان تەسلیمی ئیرادا دوژمن وداگیرکەرا نەبوو، نە مساومە لسەر مافێ مللەتێ خۆ کر و دەست ژی ل بوهوستەکا ئاخا پیرۆزا کوردستانێ بەرنەدا و ل دەمێ شکەستنا کومارا کوردستانێ ل مهابادێ بەرسینگێ هەر سێ لەشکرا گرت و ئاراس بری و تەسلیمی ئیرادیا داگیرکەرا نەبوو و درویشمێ کوردستان یان نەمان بلند کر.

ڕاستە پارتی تویشی شکەستن و ئەڤراز ونشیڤیا بوویە بەلێ دەست ل خەباتێ بەرنەدایە و خو نەدایە دەستێت ڕژێمێت داگیرکەر و پشتی هەر شکەستنەکێ گەلەک بهێزتر ڕابوویەڤە چونکی هێزا خۆ ل جەماوریێ هەژار و بەلنگاز وەردگریت...

ڕێژیما سەدامێ دکتاتور و بن گورکری وەسا هزر دکر کو پشتی شالاویت ئەنفالکرنێ و کیمیاباراننێ و چولکرنا کوردستانێ و ڕاپێچکرنا خەلکێ وان بۆ ژێترێیی وناڤەڕاستا عیراقێ و ئوردوگەهێت ب خورتی چێکری و ڕاوەستانا شەرێ عیراقێ و ئیرانێ دێ شێت تەڤگەرا ڕزگاریخازیا گەلێ کورد ژناڤ ببەت و پارتی نەهێلیت و ب خەیالا وان یا خاڤ ئێدی بۆ حەتا حەتا پەیڤەک بناڤێ کورد وکوردستان نامینیت، لێ حسابا وان خەلەت دەرچوو ... ومعادلا وان ڕاست دەرنەکەفت، چونکی وان نەدزانی پارتی خودانا بریارا خویە و ب چ هێزو لایەکێ ڤە یا گرێدایی نیە و ئەو ب خۆ بریارا ددەت و ئەو ب خۆ بریارا خۆ جێ بەجێ دکەت و پێشمەرگەهێت پارتی و بارزانی ڕامانا مرنێ نزانن بۆ ڕزگاریا کورد وکوردستانێ. ئەڤە بوو ل ڕوژا 1988/7/19 ڕژێما سەدامێ بن گورکری ب هەمی جەیش و جاشێت خوڤە و ب هەمی سیلاح و عەتاد و جەبلخانێت خوڤە ل سێ گوشێ دالمپر ل دەڤەرا خواکورکێ ب وێ ئینیەتێ هاتن کو ئێدی دێ پارتی ژناڤ بەن و تەڤگەرا ڕزگاریخوازیا کوردستانێ ژی نامینیت، دوژمنی حەتا چەکێ کیمیایی ژی بکارئینا و گوھ نەدا هیچ عورف و یاسایەکا نێڤ دەولەتی. بەلێ ل (1988/7/19) و هەتا (1988/9/5)ێ پێشمەرگەهێت پارتی و بارزانی و ئاوارێت خورگرتین ئوردوگەهێتن زێوە و دەوروبەر و دەڤەرێت دیتر بێت ئیرانێ ب سەرپەرشتیا ڕاستەوخۆ یا هێژا سەرۆک مەسعود بارزانی هێرش برنە سەر دوژمنی و دربێت مەزن لێدان و ئەو دربەبونە ئەگەرا تێکچوونا شیرازا لەشکری و سیاسی و جڤاکی یا ڕژێما فاشیا عیراقێ و هزرا ڤان دربێن مەزن نەکر، چونکە پێشمەرگەهێت پارتی و بارزانی لسەرێ چیایێ خواکورکێ پێت خۆ لبن چالا مرنێ شتاندن و ئاشێ ئەجلێ بۆ دوژمنی دروست کر و کوردستان لبن پێت دوژمنی کرە بورکانە ئاگری و ب سەدان کەلەخێت دوژمنی ل مەیدانا شەڕی دا کەفتن و ب سەدان ژی ئێخسیر بوون و ئەڤ داستانە بوو بۆ ئەگەرا سەرهلدانا پیرۆزا جەماوریێ کوردستانێ ل بەهارا سالا 1991ێ، و بۆ دونیایێ خویایێ بوو کو بەلێ پارتی و ڕێبازا پیرۆزا بارزانی نە تەسلیمی ئیرادا دوژمنا دبن و بریارا وان ژی ب دەستێ وانە و پێشمەرگەهان ژی مەزنترین میدالیا سەربلندیێ وەرگرت دەمێ بارزانی لڤێ داستانێ دا پەسنا پێشمەرگەیی کری و گوتی: ب قورساتیا چیاییت کوردستانێ شەڕەفا ل پێشمەرگەیی دباریت.

لێهات و لە جیاتی ئەوەی بیر لە ڕێگای چارەی ئاشتیانە و سیاسیانەی گەلەکەمان بکاتەوە وەکو هەمیشە کەوتە خۆسازدان و لەشکرکێشیەکی بێ وێنە و زۆربەی ئەو یەکە سەربازیانەی کە لەبەرەکانی



عەلی عوسمان میرگەسۆری

شەڕ دژ بە کۆماری ئیسلامی بوون بەرەو و کوردستان و بەرەکانی شەڕی خواکورکی هێنا، بە پشتیوانی سەدان تانک و زرپێوش و فڕۆکەی شەڕکەر، ئەوەی ڕاستیش بێت زۆربەی هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە ناوچەی ئازادکراوەکان پاشەکشەیان کرد بوو بە هۆی سەختی شەڕەکە و نەگۆنجانی جوگرافیای ئەو ناوچانە، هەروەها نایشارینەوە کە نائومێدییەکی زۆریش لە دڵ و دەروونی خەڵک سەریهەڵدا بوو و بیریان لەوە دەکردەوە کە ئەو هێزە زەبەلاحەی ڕژێمی بەعس کە زیاتر لە 8 سالّ توانی ڕوبەڕوی هێزەکانی ئێران بوەستێتەوە و دەبێت چارەنووسی ئێمە لە بەرامبەر ئەو هێزە چی بێت". لە دریژەی قسەکانی دا بەڕێز لیوا (عەلی عوسمان میرگەسۆری) باسی ڕۆڵی پێشمەرگە لە داستانی خواکورک کرد"،بە شانازیەوە دەڵێم کە ئێمەش وەکو ڕێکخراوی پیشتیوانی بەناوی ڕێکخراوی عەسکەری بروسک لە دەستپێکی شەڕکە تا دوایی بەشدارێمان کرد، ئەو ڕێکخراوە



خۆشەوی عەلی باپیر

پێکهاتبوو زیاتر لە50 پێشمەرگە کە دوو هاوەنی 120 ملم بە تەواوی تەقەمەنی و کەل و پەلەوە کە دەتوانم بڵێم لە کاری سەربازی زۆر سەختە بەکارهێنانی چەکی قورس لە قۆناغی شاخ چونکە تەنها ئامرازی گواستنەوە بە ولاغ یان شانی پێشمەرگە بوو، سەرەڕای ئەوەش ئێمە واتە ڕێکخراوی بروسک جگە لە بەکارهێنانی هاوەن نیوەی ئەو هێزەی ئێمە بە چەکی سوک بەشداری شەڕەمان دەکرد لەگەڵ بەڕێز عومەر عوسمان میرگەسۆری چونکە ئەو ڕێکخراوە ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی عومەر عوسمان میرگەسۆری بوو کە ئەوکات بەرپرسی لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر و جێگری فەرماندەیی هێزی بارزان بوو کە ئەوکات خوالێخۆشبوو د.سەعید ئەحمەد نادر بارزانی بوو، من باس لە دەور و چالاکی ئەو ڕێکخراوە ناکەم، بۆ خەڵکانی خاوەن ویژدان و بەشدار بووانی داستانی خواکورکی بەجێ دێڵم بە تایبەتیش ئەوانەی لێمان نزیک بوون، شایانی ئاماژە پێدانە ڕێکخراوی ئێمە واتە بروسک پێش دەستپێکی شەڕی خواکورکیش لەگەڵ هێزی بارزان لەو میحوەرە بوو لە سنوری کەکلە و خیروزوک دەشتی بەرازگر و گەلی ڕەش سنووری قەزای میرگەسۆر و تۆشی زۆر شەڕی گرانیش بووین. سەبارەت بەو داستانە ، بە پێویستی دەزانم ئیشارەت بە واقعێک بدەم کە خۆم پێش شەڕی خواکورک و دوای شەڕی خواکورکیش بەشداری زۆر لە شەڕەکانم کردووە و چوار بان پێنج جار بریندار بوومە، بەڵام ئەو حەماسەو ورە بەرزییەی کە لە داستانی خواکورک بینیوومە کەم وێنە بوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری و سەرپەرشتی بەڕێز جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و هەندێ لە هەڤالانی سەرکردایەتی پارتیمان و هەروەها نابێت دەوری جەماوەری ئاوارەی گەلەکەمان لە ئێران لە بیر بکرێت کە بەگەیاندنی هاوکاری مادەی و گەیاندنی ئاو و نان و ئازوقە پشتیوانی برا پێشمەرگەکانیان بەو پەڕی دڵسۆزیەوە دەکرد. بە دریژایی ئەو داستانە کە زیاتر لە 40 ڕۆژی خایاند و 28 شەهید و 160 بریندار لێکەوتەوە، بەڵام زیاتر لە دوو فرقەی جەیشی عێراقی تێک و پێک شکان و بەهەزاران سەرباز و پلەداریان لێ کوژران و زیانێکی مادەی زۆریان لێکەوت، جگە لەوەی کە زیانێکی مەعنەوی زۆریان پێگەیشت و تووشی شەرمەزاری زۆر هاتن".

* (خۆشەوی عەلی باپیر کانیەلینجی) کە ئەوەیش یەکێک لە بەشداربووانی داستانی خواکورک، ئەندامی لێژنەی ناوچەی ئازادی لە زێوە بوو لە ڕۆژانی ئاوارەی دا،دەربارەی داستانی خواکورک بەمشێوە بۆمان دوا: " ئەگەڕ ڕۆڵی تێکڕای ڕێکخستنەکان لەبەرچاو نەگیرێت و باسیان لێوە نەکرێت زۆر لایەنی میژووی ئەم داستانە بە ونی دەمێنیتەوە، لەوانەش ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی سنوری لێژنەی ناوچەی ئازادی و ڕێکخراوەکانی تۆفان و زاگرۆس و خەبات و فەرمان و باران و سکرتاریەتی یەکێتی لاوان و قوتابیان و زانا ئایینی و نووسنگەی ناوەندی پەیوەندی وڕمێ و شنۆ و نەغەدە و زێوە و بەشی تەندروستی شۆڕش، هەروەها لەو کات و ساتە ناسکە و دژوارەدا لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز لێژنەیەکی بالا پێکهێنرا بۆ پشتیوانی بەرەی شەڕ بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی جەنابی کاک(نێچیرڤان بارزانی) کە لە هەڤالانی لێژنەی ناوچەی ئازادی و سکرتاریەتی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان بۆ مەبەستی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی پێداویستییەکان بۆ بەرەکانی شەڕ لە خواکورک، بۆ کۆکردنەوە و ئامادە کردنی نان و خورما و بەتانی و قەمسەلە و جلوبەرگ و پۆشاک و پێلاو و گۆزییە و جگەرەو چادر و پێمەڕەو قازمە و داو دەرمانەکانی تەداوی کردنی تەندروستی و ئامادەکردنی باربەرەکان بۆ گواستنەوەی پێداویستی و کەلوپەلەکان بۆ بەرەی شەڕ و هەروەها و گواستنەوەی تەرمی شەهیدان و بە خاک سپاردنیان و ناشتنیان و گواستنەوەی بریندارەکانی شەڕ بۆ شوێنی مەبەستی چارەسەر و تەداوی کردنی و پێدانی خوێن بە بریندارەکان کە پەنابەران بە ورد ودڕشت و ئافرەتانیشەوە سڕیان دەگرت و پێشبڕکێیان دەکرد لەم بارەیەوە و پێداویستی دیکەشیان لە سەر ئەرکی خۆیان هەر یەکەو بە پێی توانا و ئیمکانیاتی کە هەیان بوو دەکرێن و دەیان هێنا و تەسلیمی لێژنەی ناوچەی ئازادی دەکران، بۆ بەرێکردنی، بۆ گەلی بێنارو لەوێشەوە بۆ بن بەردی شێخەلێیێ خواکورک، شایانی باسە پەنابەرانی خاوەن ئۆتۆمبێل بەبێ بەرامبەر وەکو پێشمەرگە و خاوەن شۆڕش لە خزمەت ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی شۆڕش دابوون".

هێزەکانی بەرچاو لە لایەن لێژنەی ئازادی ئامادەکرا ئەوەیش هێزی بەرگری میللی بوو (خۆشەوی عەلی کانیەلینجی) لەبارەی ئەم هێزە بۆ بەرگری کردن لە داستانی خواکورک دا گوتی، هێزیکی بەرچاویش لە لایەن لێژنەی ناوچەی ئازادی ئامادەکرا وەکو هێزی بەرگری میللی بۆ بەرەی شەڕ و بەرگری کردن لە یەکێتی لاوان و قوتابیان و زانایانی ئایینی و پەنابەران بە شێوەی خۆبەخشانە بەشداربیان لە بەرەکانی شەڕ دا کرد کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی پشتیوانی پێکهێنرا بوو بۆ مەبەستی سەرپەرشتی و کونترۆڵ و ئاگادار بوون لە ڕەوشی پشتیوانی بەڕەی خواکورک، کاک نێچیرڤان بارزانی ڕۆژانە لە بارەگای لێژنەی ناوچەی ئازادی دەوامی دەکرد، هەروەها پەنابەران بە پێی توانا لە شارەکانی دیکەی پانتایی ئێران لە ڕێگەی لقی 8ی پارتیمان پێداویستییەکانی پێشمەرگەیان لەسەر ئەرکی خۆیان دەکڕی و بەڕێدەکران بۆ لێژنەی ناوچەی ئازادی و گەلی بێناو، لەوێشەوە بۆ بن بەردی شێخا کە ئیدارەی بەرەی شەڕ لەوێ دامەزرا بوو بە سەرپەرشتی جەنابی کاک سیداد بارزانی و چەند هەڤالێکی دیکە بۆ دابەشکردن بەسەر بارەگاکانی پێشمەرگەیان دا. بە جورئەت و دڵنیاییەوە بۆ میژوو دەڵێم پەنابەران بە ورد و درشتەوە بە پیاو و ئافرەت و کوڕ و کچ بە بێ دریغی کردن لە ئاستی بەرزی بەرپرسیاریەتی و نیشتمانپەروەری خۆیان دابوون، بەتێکڕای خۆیان بە پێشمەرگە و خاوەن شۆڕش دەزانی لە کورتە باسی وا دا تێبوشکەی ناشکێنم بەڵام داوا و پێشنیار دەکەم لە نووسەرانی خاوەن ئەزموون و پێنووسە بە پێزو بڕشتەکان کە ئەم داستانە چارەنووسسازی گەلەکەمانیش بە ئاوی زێرین بنووسنەوە بکرێتە کوراسێک بۆ سوود لێوەرگرتن و وانەوتنەوە بۆ نێستا و داهاتوو لە زانکۆیەکانی کوردستاندا.

رۆمانی کلاشینکۆف



ئاکۆ عەبدوڵا

سالّی رابردوو بە تیراژی 500دانە رۆمانی کلاشینکۆف کەوتە بەردیدی خوێنەران. ئەو رۆمانە لەلایەن هەریەک لە د. محمد علی عوزێری و شێرزاد هەینی نووسراوە. وەک من بزانم ئەوە یەکەمجارە بە زمانی کوردی رۆمانێک لەلایەن دوو کەس بنووسرێ. لە دیوانی شاعیران بینیومە شیعرێک لەلایەن دوو کەسی نزیک بەیەکتری داڕێژراوە یاخود شاعیرێک، هەست و سۆزی خۆی لەسەر چامەی شاعیرێکی دیکەی دەربڕیوە و لە چوارچێوەی پێنج خشتەکی ئاخنیوە. بەلام نەمزانییوو رۆمانێک بە دوو قەڵەم بنووسرێ، ئاگاداریشم لە زمان و فەرهەنگی میللەتانی دیکە، ئەو هاوبەشییە ئەدەبییە هەیە، بۆ نمونە ئامانتین لوسیل ئورۆر دوپین، ناسراو بە جۆرج ساند، لەگەڵ جول ساندوی یەک لە هاوسەرەکانی ژیانی، رۆمانی (وەنەوشەیی و سپی Rose et Blanche) نووسیوە.

لە شوێنی پێشەکی ئەو بەرهەمە بەپێزەدا د. محمد نووسیویەتی (بیرۆکە و ناوی کارەکتەر و رووداوەکانی، زادەی بیرەوەری من بوون. ئەوانەم بە سادەیی نووسینەوە، ئەزموونێکی نوێم لەوە تاقیکردەوە. لەوەیان مەبەستم بوو، رۆژانەیەک بنووسرێتەوە..) دواتر داوای لە شێرزاد هەینی رۆمانەنووس کرد ئەو هەوێنەی بۆ بکات بە رۆمانێک. ئەویش بەو بۆنەیە هەر لەو لاپەڕەیەی بەرایی نووسیویەتی (نووسینەکەم بە شانازییەوە لە د. محمد علی عوزێری وەرگرت. خۆم بوومە پاڵەوانەکە، بوومە نووسەرەکە، گەڕامەوە ناو رووداوەکانی ئەو زەمانە. ناوی دەقەکەم نەگۆڕی زۆرتر پەیڤ و رازەکانم بە کلاشینکۆفەکە بەخشی. کارێکی زۆرم تێدا کرد. بەوەش دەقەکە دەبێتە

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/9/5 ژمارە (5822)
خەبات

ڤینیسیا یەکەم فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی سینەما



حەیدەر عەبدولڕەحمان

ئەوانەی هەواداری سینەمان ئاگایان لەوە هەیە کە ئەمڕۆکە لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی سەردەم، چۆن گرنگی و بەهای هونەری سینەما لەگەشەسەندن دایە، دەزانن بۆچی ژمارەی فیستیڤاڵە سینەما ییەکانیش لە زۆر بوون دایە، ئەوتا ئەمڕۆکە بەدیان فیستیڤاڵی گەورەی نێو دەوڵەتی لەزۆربەی کون و کەلەبەرەکانی دنیادا بۆ سینەما ساز دەکرێت و پێشبڕکێ لەسەر داهێنانی فیلیمسازی دەکرێت ، ئەو فیستیڤاڵە بەرفراوانانە خۆی لەخۆیدا، هاندەرێکی بەهێزی بەرەو پێشەوە چوونی بزاڤی سینەماییە لەجیهاندا، لەهەمان کاتیشدا پێشکەوتن و شارستانیەتی زۆر لەگەلانی دنیا دەردەخات بەرامبەر بە هونەری حەوتەم کە ئەمڕۆکە بۆتەبەشێک لەژیانی خەڵک، لەوانەش فیستیڤاڵەکانی وەک (ئۆسکار) و (کان) و (فینیسیا) و فیستیڤاڵی (سیزار)و (تۆرینتۆ)و بە دەیان فیستیڤاڵی دیکە.



رەنگە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نەبێت بەزۆری ئەو فیستیڤاڵە سینەماییە جیهانیانەدا دا بچینەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێمە بتوانین جۆرە ئاشنایەتییەک لەگەڵ سەرەتاو مێژووی دەسپێکی ئەو ڤیستیڤاڵانەدا پەیدا بکەین و لەوە بە ئاگابین کە یەکەم فیستیڤاڵی سینەمایی کەی و لەکوێ ئەنجامدرا؟

بەمەش ئاگاییەک لە مێژووی بزاڤی ئەو فیستیڤاڵانەدا پەیدا دەکەین.

دیارە ئەگەر لاپەرە سەرەتاییەکانی ئەو فیستیڤاڵانە هەڵدەینەوە ئەوە بۆمان یەکلا دەبێتەوە کە یەکەم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما لەدنیادا فیستیڤاڵی (ڤینیسیا) بوو، کە بە فیستیڤاڵی بوندوقیەش ناو دەبرێت، کاتێ بۆ یەکەمجار ساڵی 1932لە شاری ڤینیسیای ئیتاڵیا سازکرا، مەبەستیش لە سازدانی ئەو فیستیڤاڵە لە شوێنێکی وادا، بە زۆری هاندانی گەشتوو گوزار بووە، کە بۆتە مایەی بە دەست هێنانی داهاتێگی گەورە بۆ ئیتاڵیا، کاتێ بە هەزاران لە گەشتیاران لەهەموو جیهاندا روو لەو شارە جوان و رازاوەیە دەکەن، ئەوتا رەخنەگری ئیتاڵی (سرجیو تیشکینی) باس لەو فیستیڤاڵە دەکات و دەڵێت :

مەبەستی سەرەکی لەسەر هەڵدانی فیستیڤاڵی ڤینیسیا کۆمەکی کردنی خاوەن هوتێلەکان و بازرگانەکانی شاربوو، بۆ رزگار بوون لەو قەیرانە ئابوورییەی کە سالانی 1929-1930 ئەو شارەی گرتەوە، هەروەها ژیانەوەی وەرزی گەشتووگوزار بوو، بۆیە بازرگانەکان داوایان لە (خۆل دی) دەوڵەمەند کرد، کەهەمیشە پشتگیری کاری ئەدەبی و هونەری بوو، دەروازەیەک بۆ رزگار بوون لەو هەلومەرجە نا ئاساییە بکاتەوە، ئەویش پەیوەندی بە (لوتشیا نودی فیو) کرد کە بەرێوبەری گشتی سینەمای پەروەردەیی بوو لەرۆما و تازە لەروسیا گەڕابۆوە، زۆر ئارەزووی لەکاری سینەمایی هەبوو، داوای لێکرد، فیستیڤاڵێکی جیهانیی بۆ سینەما بکاتەوە، ئەوەبوو لەم پێوەدانگەوە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەنوێنەری وڵاتان خۆیان و فیلمەکانیان رووبان لەو شارە کرد، لەو فیستیڤاڵە شدا تەنها فیلمی خەڵکی ئەو وڵاتەی بەشێوازێکی توانج ئامێز نیشان دەدا، وێرای ئەو دژایەتیانەی رووبەرووی کۆمەلگای نوێ دەبوونەوە، ناوی فیلمەکە (سەربەخۆیی بۆ ئێمە) لەژێر تەختی دەسەلاتداریەتی ئەوسای ئیتاڵیا گۆڕا بە سەربەخۆیی بۆ من .. بەڵام خەڵاتی نواندنی فیستیڤاڵەکە بەر (فردریک مایش) کەوت،

دوای دووساڵان فیستیڤاڵی دووەمی ڤینیسیا سازکرا، کەسستەمی کارکردنی تێیدا، گۆڕنکارییەکی چاکی بەخۆیەوە بینی، لەدووەم فیستیڤاڵدا سەرۆکی فیستیڤاڵ بڕیاری لەسەر فیلمە سەرەکییەکانی فیستیڤاڵ دا، وێڕای لەبەر چاوگرتنی زەوقی جەماوەر و بیروڕای رەخنەگرو نووسەرانی سینەما ، گرنگترین فیلیمەکانی دووەم فیستیڤاڵ بریتی بوون لە (زێر دورگە 1936باتلیۆن- لوسی گاب ئینزار چالی، گورگە کە، لەو خولەدا چەند فیلمێک سەرکەوتنی چاکیان بەدەست هێنا ، لەوانە چەند فیلمێکی سۆڤییەتی وەک (منداڵە دڵخۆشەکان، شەوی بترسبۆرگ.

فیستیڤاڵی سێیەمی ڤینیسیا ساڵی 1935سازکرا، کە تێیدا نیشانەیەکی زۆری ناڕەزایی دژی سیاسەتی ئیتاڵیا تێدا بەرجەستە کرا، چونکە ئەوکاتە ئیتاڵیا حەبەشەی داگیر کردبوو، بۆیە ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان لەو ساڵەدا بەشدار بوون، لەم خولەدا لێژنەی هەلسەنگاندن دانەدرا، کە زۆر بەی ئەندامەکانی ئیتاڵی بوون، چەند فیلمێکی مێژوویی تێدا نیشاندرا، لەوانە: سەلیبیەکان، تاوان و سزا، درێژ نیشان نەدەدرا، بەڵکو فیلمی تۆماری و فیلمی پڕۆپاگەندەیی و چەندین جۆری تر نمایش دەکران، خەڵاتێکی گەورەش تەرخان دەکرا، کەبریتی بوو لە پەیکەری شێریکی زێر، وێرای چەندین خەڵاتی دیکە کە لەلایەن رەخنەگران و رێکخراوە سینەمکاییەکانەوە پێشکەش بە فیستیڤاڵ دەکرا، ئەوەی مایەی سرنجە لەو فیستیڤاڵانەدا لیژنە نەبوو بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان، بەڵکو پێوەری راستەقینەو حوکمی کۆتایی لە دەست جەماوەر بوو، لەرێگەی راوەرگرتنەوە بیروڕای جەماوەر دەربارەی فیلمەکان وەردەگیرا، لە دەرەنجامی ئەو راپرسیەدا فیلمە سەرکەوتووەکان دەست نیشان دەکران، کارگێرانی فیستیڤاڵەکە ئەم شێوازەیان پێ شێوازێکی دیموکراتی بوو لەشێوەدا، بەڵام لە ناوەرۆکدا ئەنجامێکی پڕزەتیفانەی ئەو تۆی نەبوو لەرووی هونەرییەوە، دیارترین ئەو فیلمانەش کە جەماوەر رای خۆیان هەبوو لەسەریان فیلمی (رافید جولدیر، سەربەخۆیی بۆ ئێمە ، کێژۆلە بچکۆلانەکان، کۆنگرەی یەکەم پیاوە شەرخوازەکان و چەندینی دیکە)

لەیەکەم فیستیڤاڵدا فیلمی فەرەنسی سەربەخۆیی بۆ ئێمە- خەلاتی یەکەمی بەدەست هێنا ، کە یەکێک بوو لە گرنگترین فیلمەکانی (رینیە کلیر) کە پڕ بوو لەبەزمەسات و پێکەنین، بەشێک لە ژیانی نوێی خەڵکی ئەو وڵاتەی بەشێوازێکی توانج ئامێز نیشان دەدا، وێرای ئەو دژایەتیانەی رووبەرووی کۆمەلگای نوێ دەبوونەوە، ناوی فیلمەکە (سەربەخۆیی بۆ ئێمە) لەژێر تەختی دەسەلاتداریەتی ئەوسای ئیتاڵیا گۆڕا بە سەربەخۆیی بۆ من .. بەڵام خەڵاتی نواندنی فیستیڤاڵەکە بەر (فردریک مایش) کەوت،

دوای دووساڵان فیستیڤاڵی دووەمی ڤینیسیا سازکرا، کەسستەمی کارکردنی تێیدا، گۆڕنکارییەکی چاکی بەخۆیەوە بینی، لەدووەم فیستیڤاڵدا سەرۆکی فیستیڤاڵ بڕیاری لەسەر فیلمە سەرەکییەکانی فیستیڤاڵ دا، وێرای لەبەر چاوگرتنی زەوقی جەماوەر و بیروڕای رەخنەگرو نووسەرانی سینەما ، گرنگترین فیلیمەکانی دووەم فیستیڤاڵ بریتی بوون لە (زێر دورگە 1936باتلیۆن- لوسی گاب ئینزار چالی، گورگە کە، لەو خولەدا چەند فیلمێک سەرکەوتنی چاکیان بەدەست هێنا ، لەوانە چەند فیلمێکی سۆڤییەتی وەک (منداڵە دڵخۆشەکان، شەوی بترسبۆرگ.

فیستیڤاڵی سێیەمی ڤینیسیا ساڵی 1935سازکرا، کە تێیدا نیشانەیەکی زۆری ناڕەزایی دژی سیاسەتی ئیتاڵیا تێدا بەرجەستە کرا، چونکە ئەوکاتە ئیتاڵیا حەبەشەی داگیر کردبوو، بۆیە ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان لەو ساڵەدا بەشدار بوون، لەم خولەدا لێژنەی هەلسەنگاندن دانەدرا، کە زۆر بەی ئەندامەکانی ئیتاڵی بوون، چەند فیلمێکی مێژوویی تێدا نیشاندرا، لەوانە: سەلیبیەکان، تاوان و سزا، ئەناکارلینا ، هەروەها فیلمێکی (جون خورد) بە ناوی سیخوڕ- کە نمونەیەک بوو بۆ پێشکەوتنی سینەما .

لەوخولەدا فیلمی (ئانا کارلینا) خەلاتی باشترین فیلمی بەر کەوت، (بیربلابیشە) خەلاتی باشترین ئەکتەری بەدەست هینا لەفیلمی (تاوان و سزا) بولاو سیلی ـ خانم ئەکتەریش لە فیلمی (شەوی بوکینی)خەلاتی فیستیڤاڵی وەرگرت.

لەساڵی 1936یش چوارەمی فیستیڤاڵ سازکرا، لە ساڵی 1937خولی پێنجەم بەڕێوەچوو، کە تێیدا فیلمی (کۆشکی سینەما) خەلاتی یەکەمی پێ بەخشرا، فیلمێکی کۆمیدی کۆمەلایەتی بوو، لەفیستیڤاڵی شەشەمدا 1938فیلمی (پاشا وحەوت کورتە بالا) ی والت دیزنی نمایش کرا، کە یەکەم فیلمی کارتۆنی بوو، لەلایەن (دیف هاندو نورمان فیرجسون) بە هاوبەشی کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجام درا، ئەو فیلمە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناو خەلاتی یەکەمی بەرکەوت.

ساڵی 1939فیستیڤاڵی حەوتەم سازکرا، فەرەنسیەکان رۆڵێکی بالایان تیدا بینی، زۆر ترین خەلاتییان بردەوە ، دواتر خولەکانی تر بەردەوام بوون کە تاوەکو ئەمڕۆکەش درێژەیان هەیەو تا ئیستاشی لەگەڵ دابێت فیستیڤاڵی ڤینیسا بەردە وامەو یەکێکە لە فیستیڤاڵە هەرە گەورە نێو دەوڵەتییەکان دوای فیستیڤاڵی ئۆسکارو فیستیڤاڵی (کان).

مانی

ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

٢-٢



مانی لە وەلامدا گوتی: چ گوناهێکم کردووە؟ بەهرام گوتی: سوێندم خواردووە کە نەهێڵم بەو وڵاتە بگەیت و بە تووڕەیی بە مانی گوت: تۆ بۆ چ کارێک باشی؟ نەدەچیە شەڕ و نە دەچیە راو، رەنگە بۆ پزیشکی و دەرمان باشی بی، ئەویش نازانی. مانی وەلامی دایەوە: من هیچ خراپەیەکم بۆ تۆ نەبووە. چاکەم لەگەڵ تێوە و بنەماڵەتان کردووە. زۆر لەبەندەکانی ئێوەم لە دێو و درۆ دور کردۆتەوە و زۆرێکم لە هەموو جۆرە تا و رەنج رزگار کردووە و زۆرێک لە سەرەمەرگ بوون، باشم کردونەتەوە.

مانیش دەست دەکات بە پارانەوە لە خوای خۆر. پاشا تووڕە دەبێ و فەرمان دەکات زیندانی بکەن.

موبد کرتیر لە مانی دەپرسێ: وێرانی باشترە یان ئاوەدانی؟ مانی دەڵێ: وێرانی جەستە هۆکاری ئاوەدانی گیانەکانە. موبد دەڵێ : بە من بڵێ، ئایا کوشتنی تۆ ئاوەدانییە یان وێرانی؟ مانی دەڵێ: ئەوە وێرانی جەستەیە. موبد دەڵێ: کەوایە تۆ دەکوژین تا جەستەت لەنیو بچێ و گیانت ئاوەدان بێتەوە. لە دوای ئەوەی موبدانی زەرتۆشت ئەویان بە مورتەد دانا ، ئەویان بە کۆت و زنجیری قورس بەستەوە.

مانی لە زیندان دڵی پەیڕەوانی دەدایەوە و ئامۆژگاری دەکردن. هەروەها پاسەوانەکانی زیندانی ئامۆژگاری دەکرد. لەو نیوەدا دوو کەس لە پەیڕەوانی ئەو، ئامۆژگاریەکانی ئەویان لە گوێ گرت، کە یەکێکیان مارنەمو و ئەوی دیکەش مارئوزی بوون. ئەمو کەسێکە کە دواین نامیلکەی مانی بەناوی "مەردیت" نارەدە بۆ ئەو. مارئوزی تا کۆتایی لەگەڵ مانی بووە و 3 رۆژی کۆتایی مانی بە تەواوی باس کراوە. مانی مردنی خۆی پێشبینی کرد و تەنانەت ئارەزوی ئەوەی هەبوو. لەبارەی مردنی مانی هەندێک دەڵێن لە دوای 26 رۆژ لە زیندان چاوەڕێی لە سێدارەدان بوو و رۆژی دووشەممە 2 مارسی 274یان26 فوریە 277 کۆچی دوایی کردووە.

هەندێک دەڵێن بەهرامی یەکەم، مانی دەگرێ و فەرمان دەکات بیکوژن و پێستی پڕ لە کا بکەن و لەسەر دەروازەی شاری گوندی شاپور هەڵواسن و هەروەها فەرمان دەکات پەیڕەوانی لە ئێران شار وەدەرنین.

هەندێکی دیکەش دەڵێن جەستەی ئەویان پارچە پارچە کرد، دوایی سەریان لە جەستە جیا کردەوە و سەری جیابوونیان لەسەر دەروازەی شار هەڵواسی. یەکێک لە یارانی مانی جەستەی پارچە پارچە بووی ئەویان لە شەیتانی، بچوک و ناپاکە.

یەکێک لە باوەڕەکانی بەرچاوی ئایینی مانی باوەڕ بە "سمسارا" واتا ئەو گیانانەی لە پلەی بیسەری دان و هێشتا پلەیان بەرز نەبۆتەوە و هەڵنەبژێردراون، ناچار دەبێ لە دنیای مادی لە جەستەیەک بۆ جەستەیەکی دیکە بگواڕێنەوە تا بە قۆناغی هەڵبژاردن بگەن و بەرز ببنەوە.

بناغەی ئەو ئایینە لە دژایەتی بوزایی. مانی و پەیڕەوانی ئەو بۆ چارەسەری نەخۆشەکان، گیاەرمانی، ناوە پیرۆزەکان و موسیقایان بەکارهێنا. بەکارهێنانی موسیقا زیاتر بۆ نەخۆشانی دەروونی بوو.

عیرفانی مانی ریشەی لە ئایینی گنوسی هەیە و ناسین، وشیاری و ژیری گرنگترین تایبەتمەندی ئایینی مانیە. جیهانناسی ئەو هەرچەند تیسفون دەنێژێ.

توانا کانی مانی

مانی هونەرمەندێکی بە توانا و چەندین توانایی هەبوو. ئەو وێنەکێشێک بوو، کە نووسراوەکانی خۆی بە وێنە دەڕازاندەوە. مانی کتێبی بەناوبانگی خۆی کە بەناوی ئەرژەنگە، پڕ بوو لە وێنە و تێیدا بیر و باوەڕە ئاڵۆزەکانی خۆی تێدا هێنابوو.

مانی شارەزای موسیقاش بوو، ئەو بۆ موسیقا سەرچاوەی خوایی دادەنا.

شارەزایی مانی لە پزیشکی، سەرەنجی شاپوری یەکەم و براکانی، میهرشا و پیرۆزی بەرەو لای خۆی راکێشابوو.

مانی سەرەتا خۆی وەکو پیاوێکی پزیشک و دانا ناساند. خۆی بە پزیشکێکی بابلی ناساندبوو و لە کاتی بەرگری کردن لە خۆی، پزیشکی خۆی بە پاشا و بنەماڵەی ئەو وەبیر دەهێنایەوە. سەفەرەکانی مانی بۆ هیند و ڕۆژهەلات بووە هۆی شارەزایی ئەو لەگەڵ پزیشکی هیندی و چینی و نووسراوەکانی مانی:

ئینجیل: لە 22 بەش پێکهاتووە و نوێژ و ئەوەی بۆ رزگاری روح دەبێ ئەنجام بدات لەخۆ دەگرێ.

گەنجی ژیان: باس لە رووناکی و تاریکی و چۆنیەتی پەیدابوونی ئەوان و جیاکردنەوەی ئەو دووە لە یەکدی باس دەکات و کارەکانی ناشیرین بۆ تاریکی و کارەکانی چاک دراوەتە پاڵ رووناکی.

نامیلکەکان: ئەو نامانەی کە مانی بۆ کەسایەتیەکانی جۆراوجۆر نووسیویەتی لە خۆ دەگرێ و زیاتر ئامۆژگاری و قسەی دانایانەیە و زۆر کورت و سەرەنج ڕاکێشن.

رازان (نهێنیەکان): زیاتر لەبارەی پێغەمبەرانی پێشوو و هەروەها بۆچوونی ئایینەکانی پێشووە.

شاپورگان: لەبارەی سەرەتا و رۆژی پەسلان و هەروەها ژیاننامەی مانی، چۆنیەتی دابەزینی سروش بۆ ئەو، بنەماکانی بیر و باوەڕ، چۆنیەتی دروست بوونی جیهان و کۆتایی ئەوە.

ئەرژەنگ: بەناوبانگترین کتێبی مانی، کە بەشێوەی وێنەیە. هەروەها هەر دوو جیهانی رووناکی و تاریکی و دروست بوونی جیهانی تێدا نیشان دراوە. ئەو دەقە تا سەدەی پێنجەمی کۆچی هەبووە.



پێنجوین دەبێتە خاوەن یانەیەکی دیکەی وەرزشی



بەفەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ژمارە 510لە 7/7/2019یانەیەکی وەرزشی لە شارۆچکەی پێنجوین دادەمەزرێت و بەمەش ئەم شارۆچکەیە دەبێتە خاوەنی یانەیەکی دیکەی وەرزشی بەناوی یانەی خەڵاتی پێنجوین.

ئومێد ڕەحیم چاوشین کە وەک سەرۆکی یانەی خەڵاتی پێنجوین دەستنیشانکراو لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند کە بە نوسراوێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش بڕیاردرا جیگر و سکرتێر و چوار ئەندام دەستنیشان دەکرێن و سەردار سالحیش وەک ڕاهێنەری یانەکە دەستنیشانکراو ئێستاش ئەو یانەیە دەستی بەمەشق و ڕاهێنانەکان کردووە و ژمارەیەک یاریزانی لێهاتووش لەدەوری یانەکەدا کۆبوونەتەوە و چاوەڕوان دەکرێت ئەو یانەیە لە داهاتوودا خزمەت بەوەرزشی سنووری شارۆچکەیی پێنجوین بکات.



ڕێناز حوسێن: هەموو یاریيە وەرزشییەکانم تاقیکردۆتەوە بەڵام چێژ لە بەرزکردنەوەی قورسایی دەبینم



ئا: ئەردەلان قادر

زۆر بەهرە هەن بەهۆی دووریان لە چاوی ڕاگەیاندنەکان و میدیا وەرزشییەکانی کوردستان هەمیشە بەشێوەیەکی باش لەلایەن خوێنەرانی وەرزشی کوردستان نەناسراون ، بەتایبەتی زۆر لەیاریزانانی کچانی یانەکانی کوردستان خاوەن بەهرەیەکی دیارن لەیاریيە وەرزشییەکاندا، بۆ ئەم مەبەستە لەنزیکەوە بەباشمانزانی کچە وەرزشوانێکی یانەی دوکان بدوێنین.

لەبارەی چۆنیەتی هاتنی بۆ نێو دونیای وەرزش خاتوو ڕێناز حوسێن خوێندکاری قۆناغی دووەمی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی سلێمانی گوتی: بێگومان هەر لەمنالییەوە خولیایەکی زۆرم بۆ وەرزش کردن هەبوو بەتایبەتی لەقوتابخانەکان کەئەو کات بەشداری چالاکیيیە وەرزشییەکانم دەکرد، پاشان بۆ تاقیکردنەوەی یارییەکی قورس ، هەڵسام بەئەنجامدانی یاری بەرزکردنەوەی قورسایی و لەدوایین پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستاندا توانیم لەکێشی 59کیلۆگرام پلەی چوارەم بەدەست بهێنم.

لەبارەی قەیرانی دارایی و سستی وەرزش لەکوردستان بەگشتی خاتوو ڕێناز بۆ ئەم پرسەیش گوتی: لەوەتەی قەیرانی دارایی بەسەر کوردستان سەپێندرا وەرزشیش تووشی قەیران و نەمان چوو ، بەڵام خۆشبەختانە ئەمساڵ واپێدەچێت دەرگای خۆشی بەڕووی وەرزشوانان بکرێتەوە و دووبارە وەرزش لەنێو کوردستاندا ببوژێتەوە.

لەدرێژەی قسەکانیدا خاتوو ڕێناز گوتی:هەموو یاریيە وەرزشییەکانم تاقیکردۆتەوە بەڵام چێژ لەیاری بەرزکردنەوەی قورسایی دەبینم و لەهەموو یاریيەکان پێمخۆشترە.

لەبارەی پێشخستنی یاری بەرزکردنەوەی قورسایی خاتوو ڕێناز حوسێن بەپەرۆشەوە دەڵێت: خوازیارم یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان زیاتر بایەخ و گرینگی بەو یاریيە بدات، لەهەمان کاتدا داواکارم سەرجەم پێداویستیەکانی ئەو یاریيە بۆ یانەکان دابین بکەن، چونکە زۆر کەل وپەل هەن زۆر کۆنن و بەکەڵکی مەشق وڕاهێنان نایەت، هەروەهاگوتی: خوازیارم ڕاهێنەرێکی تایبەتم هەبێت بۆ مەشق وڕاهێنان تا زیاتر پەرە بەئاست وتوانای خۆم بدەم ، بەتایبەتی لەئایندەیەکی نزیکدا بیمە یاریزانێکی ئاست بەرزی کوردستان و عێراق.

ئۆساکا پێشەنگی بۆ بارتی جێهێشت



دۆڕانەکەی نەعۆمی ئۆساکای خاڵەشەترەنجزانی ژاپۆنی لە پاڵەوانێتی کراوەی ئەمریکا بەتەنها دۆڕانێک نەبوو کە لە پاڵەوانێتییەکە دووركەوتبێتەوە، بەڵکو پێشەنگی پۆلینی یاریزانانیشی لەدەستدا و بۆ ئاشلی بارتی جێهێشت.

ئۆساکا لە حولی هەشتەمی ئەو پاڵەوانێتییەدا بەرامبەر بلیندا بینسیچ دۆڕا و بەمەش پێشەنگی یاریزانانی ئافرەتانی جیهانی لەدەستدا، لە لێدوانیکیشیدا لەمبارەیەوە گوتی: لەهەر یاریيەکدا بردنەوە و دۆڕان هەیە ، بەڵام لەدەستدانی پێشەنگ بۆ من زۆر ناخۆش بوو ، پیم وایە بۆ ئەم پاڵەوانێتییە زۆر بەباشی خۆم ئامادەنەکردبوو بۆیە نەمتوانی پاریزگاری لەسەر بکەم و هەڵ دەدەم لە ئەو پێشەنگە وربگرمەوە هەرچەندە هیندەئاسان نییە.

لیستی گرانترین 10دەستەواژە لە میرکاتۆی هاوینەدا



شەوی دوو شەمەی رابردوو ،پەردە لەسەر بازاڕی گواستنەوەی هاوینەی یاریزانان لە ئەوروپا دادرایەوە، هەموو یانەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون، پێکهاتەکانیان تۆکمەتر بکەن و ، باشترین یاریزان ببەنە ریزەکانیانەوە. لەو هاوینەداچەند دەستەواژەیەکی گرانبەها واژۆو کران، لە سەرووی هەموشیانەوە، یاریزانی پورتوگالی جواو فیلکس دێت، کە بە بەهای 136.3ملیۆن دۆلار، لە یانەی بەنفیکای پورتوگالییەوە ڕووی کردە ریزەکانی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی.

لیستی 10گرانترین یاریزانیش بەم شێوەی لای خوارەوەیە.

-1جواو فیلیکس ژ لە یانەی (بەنفیکا)وە بۆ یانەی (ئەتلەتیکۆ مەدرید) بە 136.3ملیۆن دۆلار.

-2ئەنتوان گریزمانژ لە یانەی (ئەتلەتیکۆ مەدرید)وە بۆ یانەی (بەرشلۆنە) بە 129.8ملیۆن دۆلار.

-3ئیدین هازارد- لە یانەی (چێلسی)یەوە بۆ یانەی (ریال مەدرید) بە 106.8ملیۆن دۆلار.

-4هاری ماگوایەر-لە یانەی (لیستەر ستی)یەوە بۆ یانەی(مانچستەر یونایتد) بە 96.5ملیۆن دۆلار.

-5نیکۆلاس پیپی- لە یانەی (لیل)ەوە بۆ یانەی (ئارسینال) بە 86.8ملیۆن دۆلار.

-6ڕۆمیلۆ لۆکاکۆ- لە یانەی (مانچستەر یونایتد)وە بۆ یانەی (ئینتەرمیلان) بە 84.4ملیۆن دۆلار.

-7لۆکاس هێرنانديز- لە یانەی (ئەتلەتیکۆ مەدرید)وە بۆ یانەی (بایرن میونخ) بە 82ملیۆن دۆلار.

-8ماتیاس دی لیخت- لە یانەی (ئەیاکس)ەوە بۆ یانەی (یۆڤانتس) بە 81.8ملیۆن دۆلار.

-9فرانکی دی یۆنگ- لە یانەی (ئەیاکس)ەوە بۆ یانەی (بەرشلۆنە) بە 78.8ملیۆن دۆلار.

-10ڕۆدریگۆ هێرنانديز- لە یانەی (ئەتلەتیکۆ مەدرید)وە بۆ یانەی (مانچستەر ستی) بە 75.5ملیۆن دۆلار.

ڕەمزی میرەکانی

خانمە شەترەنجزانێکی هەڵبژاردەی زامبیا لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

پۆرتیا: شانازی بەخۆم دەکەم لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بەشداری ئۆڵۆمپیادی جۆرجیام کرد



دیمانە: هاوار کورتکەیی

پۆرتیا موتیوتیبانیا Am portiah mututubanyaخانمە شەترەنجزانێکی هەڵبژاردەی زامبیایە و لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت لە شەترەنج دوور دەکەوێتەوە، بەڵام دوای گەڕانەوەشی هەر لە ئاستە بەرزەکەی خۆی مایەوە دوای لە دوایین ئۆڵۆمپیادی باتۆمی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەشداری کرد، ئەم خانمە کە لە ساڵی 1994لە شاری لوانچیا لەدایک بووە، دیمانەیەکی لەگەڵ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی حەبات بەمشێوەی خوارەوە ئەنجامداوە.

یەکێک لە 10باشترین شەترەنجزان

پۆرتیا لە دەستپێکدا دەڵێت: لە راستیدا هیچ کات بیرم لەوە نەدەکردەوە کە یاری شەترەنج بکەم، زۆر جار براکەم لەماڵەوە لەگەڵ هاوڕێکانی یاریان دەکرد، جارێکیان داوای لێکردم سەیریان بکەم و بزانم چۆن بەردەکانی شەترەنج دەجوڵێنن، ئەم سەیرکردنە وایکرد حەزم بچێتە ئەو یارییە و خۆم فێرکرد، دواتر لە قوتابخانەش بەردەوام بووم لەسەر بایەخدان بەو یارییە و هێندەی نەبر لە تیپی قوتابخانەکەمان وەرگیرام، ئەویش لە وەرزی 2010-2011بوو، نەمدەزانی ریتینگ چییە و زۆرجار لە هاوڕێانم دەبیست باسی ریتینگیان دەکرد، کە



دواجار پێیان گووتم پێرۆزە ریتینگت بۆ گەڕاوەتەوە، دواتر لە هەڵبژاردەی هەرێمەکان وەرگیرام و بەشداری پاڵەوانێتییەکانم کرد، هێندەی نەبرد یەکێک بووم لە 10شەترەنجزانی هەرێمەکەمان، دوای ئەوەی قۆناغی ئامادەییم تەواو کرد و چوومە زانکۆ وازم لەیاریکردن هینا و خۆم خزاندە سەر خوێندن و تەواوکردنی زانکۆ.

گرنگیی شەترەنج

هەورەها ئەو خانمە شەترەنجزانەی زامبیا باس لە گەڕانەوەی بۆ نێو یاریکردنی شەترەنج دەکات و دەڵێت: دواتر لە ساڵی 2018جاریکی تر گەڕامەوە نێو ئەم دونیا جوانەی شەترەنج و بەچڕی دەستم پێکردەوە و هێندەی نەبرد لەریزی هەڵبژاردەی زامبیا وەرگیرام و پاڵێورام بۆ بەشداری کردن لە ئۆڵۆمپیادی باتۆمی 2019کە لە جۆرجیا بەڕێوەچوو، توانیمان پلەی شەشەم بەدەستبهێنین و پیم وایە ئەمە گەورەترین شەرەف بوو بۆمن بەناوی وڵاتەکەمەوە بەشداری لە ئۆڵۆمپیادی جیهانی بکەم، بڕواناکەم بتوانم رۆژێ لەرۆژان بۆیەکجارەکی لە یاری کردن دوور بکەومەوە، تەنانەت ئەگەر کەوتمە ناو تەمەنیشەوە ئەوا لەسەر ئینتەرنێت بەردەوام دەبم لە یاری کردن، چونکە شەترەنج وەرزشێکە سوودەکانی بۆ مرۆڤ تەواو نابێت و تا شەترەنج نەکەیت لە گرنگیی و بایەخی ئەو یارییە نازانی.

بەرەزامەندی هەردوولا سێلڤا و ریال جیابوونەوە



رۆژنامەی مارکای ئیسپانی لە خەوالێکیدا بلاوی کردەوە کە لۆکاس سێلڤای یاریزانی لاوی بەرازیلی گرێبەستەکەی لەگەل یانەی ریال مەدرید کۆتایی هات و بەرەزامەندی هەردوولاش سێلڤا و ریال مەدرید لەیەکتری جیابوونەوە.
بەگوێرەی هەواڵەکەی رۆژنامەی مارکا، سێلڤا ئیتر ئازاد دەبێت لەوەی چ یانەیەک دەستنیشان دەکات تا بچێتە ریزەکانیەوە، هەتا ئەگەر وەرزی میرکاتۆش کۆتایی هاتبێت، سیلڤا لە ساڵی 2015 بەرەامبەر بە 15ملیۆن یورۆ لە یانەی کرۆزیرۆی بەرازیلییەوە چووە ریزی یانەی میرنگی، بەڵام ئەو یاریزانە لە سانتیاگۆ سەرکەوتوو نەبوو بەردەوام لەلایەن ریال مەدریدەوە بەخوازراوی دەدرایە یانەکانی مارسیلیا و کرۆزیرۆ.

رۆنالدۆ و جۆرجینا بەیەکەوە مەشق دەکەن



دوای بردنەوە گرنگەکەی یانەی یۆڤینتۆس بەسەر یانەی ناپۆلی کە بەئەنجامی 3-4گۆڵ لێی بردەوە، رۆنالدۆ دڵی زۆر خۆش دەبێت و دەستی جۆرجینا رۆدریگۆزی خۆشەویستەکەی دەگرێت و دەچنە یانەیەکی وەرزشی و بەیەکەوە راهینان دەکەن.
رۆنالدۆ تەنها یەک رۆژ دوای بردنەوەکە لە ئینستاگرامی تایبەت بە خۆی گرتە ڤیدیۆیەکی بلاوکردۆتەوە و تیایدا هەردووکیان دەرکەوتوون بەیەکەوە راهێنان لەسەر ئاسن دەکەن، ئەمەش پیشەی یەکەمجاری ئەو ئەستێرە پورتوگالیە نییە کە راهێنان بە ئاسن بکات ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەمجارە بەیەکەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەی ئەو راهێنانە دەکەن.

کۆنتی

ناوی یاریزانەکانی بۆ یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئاشکرا دەکات

ئەنتۆنی کۆنتی راهێنەری یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی لیستی ناوی یاریزانانی یانەکەی بۆ رکابەرییەکانی گرووپەکانی پاڵەوانێتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا 2019-20120ئاشکرا دەکات.
لیستەکەی کۆنتی بریتی دەبێت لە : هاندانۆڤیچ، جۆدین، گالیاردینی،ی فری، فیچینۆ، لۆکاکۆ، لۆتار مارتینیز، سینسی، رانۆکیا، پۆلیتانۆ، ئەساموا، لازارۆ، بۆرخا ڤالیرۆ، دیمارکۆ، باریلا، بادیلی، دی ئەمبرۆزینی، بیراگی، سکرینیار، برۆزۆڤیچ، کاندریڤا، یاستۆنی.
جێی باس یانەی ئینتەر میلان لە تیروپشکی گرووپەکان کەوتۆتە گرووپی مەرگەوە لەپاڵ یانەکانی بەرشلۆنەی ئیسپانی و بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی و سلاڤیا پراگی چیکی.

ئیکاردی: یاریکردن لە گەڵ ئەستێرەکانی سان جێرمان گەورەترین بەرەنگاربوونەوەیە



ماورۆ ئیکاردی دوای چونی بۆ ریزەکانی یانەی پاریس سان جێرمان باس لە هۆکارەکانی جیهێشتنی یانەی ئینتەر میلان و چوونی بۆ ئەو یانە فەرەنسییە دەکات.
تۆڕی ئیلیڤن سپۆرتی وەرزشی لێدوانەکانی ئیکاردی بەمشێوەیە بلاوکردۆتەوە: زۆر بەختەوەرم بە بەم بڕیارەی دە داومە لەبەر ئەوەی دەرفەتێکی دیکەم بۆ دەرەخسێ کە لەریزی یانەیەکی وەکو پاریس سان جێرمان یاری بکەم، هەروەها دەڵێت: ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە لە کاروانی وەرزشیم، هیوادارم بتوانم باشترین ئاست پێشکەش بکەم، هۆکاری چوونم بۆ ئەو یانە فەرەنسیە لەبەر ئەوەیە کە ژمارەیەک ئەستێرەی گەورە لەو یانەیە یاری دەکەن، کە ئەمەش گەورەترین بەرەنگاربوونەوەیە بۆ من، کاتێکیش یانەی سان جێرمان پەیوەندییان پێوە کردم بە داواکەیان رازی بووم.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 5. Sep. 2019 No: (5822)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەند جەلیل سەعید:

تاوانە پارەی ئەم وڵاتە لە دۆبلاج کردنی ئەو فیلم و دراماینانە خەرج بکرێت

دەرهێنەرە ئێمە گەر بتوانێت کارێک ئەنجام بدات، هەوڵدەدات دڵی چەند هونەرمەندێکی نزیک لەخۆی رازی بکات، بەقەدئ هەوی هاوبەشی بە هونەرمەندی شیاو و کارامە بکات



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەند (جەلیل سەعید) لەسالی 1972 چاوی بەدنیا هەڵهێناوە ، سالانێکی دوورودرێژە شان بەشانی خەبات وتێکۆشانی کوردایەتی ، ڕێچکەی هونەری شانۆودراماى گرتۆتەبەر ، دەرچووی کۆلێژە بەشی کارگێڕی کار ، ناوبراو لەکوردستان خۆیی و هاوسەرەکەی ڕۆڵی بەرچاو و کارامەیان هەبوە لەم بوارەدا بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم گفتۆگۆیەی لەگەڵدا ئەنجام بدەین .



جەلال سەعید

تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمی هونەریت؟

ئەکتەربووم لە 35 کاری شانۆییدا ، لەگەڵ 28 دراماى تیڤی و رادیۆیی و زنجیرە درامادا وەهەروەها ئەکتەریش بووم لە 8 فیلمی سینەماییدا.وەکودەرهێنەریش ،کاری دەهێنانم بۆ 8 شانۆی جۆراوجۆرکردووە لەگەڵ دەرهێنانی 12 کورتەفیلم و فیلمی دیکۆمێنتاری ، سەرەڕای ئەمانەش بەڕێوەبەری شانۆ و بەڕێوەبەری بەرهەمی 14 شانۆوفیلم بووم .

ئاستی دەرهێنەرانی کورد بەبەراورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی چۆن دەبینی؟

من لەئاستێکی باشدا ئەبینم ، بەبەراورد بەوزەمینەوپشتگیری و هاوکاریە و ئاستی هوشیاریەی کەبۆ دەرهێنەرانی بیانی ڕەخساوە ، بەبەراورد بە دەرهێنەرەکانی خۆمان ، کەتوانیویانە بەردەوامی بەکارەکانیان بدەن ئەویش لەئاستی ویست و ئارەزوو سەلیقەی هونەریان نیە ، بەڵکوبەشێوەیەکی هەل بۆ ڕەخسان و پچڕ پچڕ کاردەکەن ، کە ئەمەش کاردەکاتە سەر سەلیقەو باری دەرونی و خەمی دەرهێنەرەکانی خۆمان.

ئێستا زۆرجاران باس لەلاوازی کارە خۆماڵییەکان دەکرێن ، هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەنگ باش،یان ئەکتەری بەتوانا یان ئامێرو تەکنەلۆژیای پێویست؟

من نایشارمەوە زۆرجاریش ئەمەم وتوە ، ئێمە ئەکتەر و دەرهێنەری بەتوانامان زۆرە ، بەڵام لەبەر نەبونی پشتگیری و گرنگی نەدانی پێویستی دەسەلات بەم بوارە وایکردوە کە زۆربەی دەرهێنەرەکانی ئێمە گەربەهەرشێوازێ بتوانێت کارێک ئەنجام بدات، هەوڵ دەدات دڵی چەند هونەرمەندێکی نزیک لەخۆی ڕازی بکات ، بەقەدئەوەی هاوبەشی بە هونەرمەندی شیاو کارامە بکات ، بۆسەرکەوتن وپێشکەوتچونی بەرهەمە کە ، کە ئەم سلبیاتەش گشتگیرنیە بۆ هەموان ، دەرهێنەریش هەیە زۆرکارەکەی خۆشدەوێت ڕەچاوی سەرجەم ژانرە هونەریەکان دەکات .

دەرهێنەرانی کورد تا چ ئاستێ توانیویانە بەبەرهەمەکانیان چاوی بینەری کورد تێر بکەن و بەلای بەرهەمی خۆماڵیان ڕابکێشنەوە؟

هەرگیز تابەمجۆروشێوازە کەرتی تایبەت کاربۆئەم بوارەبکات ، بەم گرنگی پێدانە کە مە کەئەویش تائێستالەسەربنەمای مەحسوبیەت بوە ، ئینجا بەشێوەیەکی کەم و پچڕ پچڕ کە لەئاستی نەبوندایە ، ئێمە بەمجۆرە چۆن ئەتوانین ، بەبەراورد بەو هەموو ئیمکانیەت و دامو دەزگاهونەریانەی کە لەوواڵاتانی بیانی فەراهەمیان کردووە بۆ هونەرمەندانیان، کە مانگانە و هەفتانە فیلم وزنجیرە دراما بەرهەم دەهێنن، بەم زنجیرە دراما و فیلمە کەمانەی بەرهەم دێت ناتوانین، بیانکەینە بەدیل بۆ ناشناکردنی بینەر بۆ بەرهەمی خۆماڵی، بەڵام من گەشبینم بەو هەوڵە دڵسۆزانەو خۆنەوستانەی هەندێ لە دەرهێنەرەکانمان کە توانیویانە بینەرتاڕادەیەک بەبەرهەمە خۆماڵیەکان ئاشنابکەنەوە، کە ئەمەش هەندێ جارقوربانی دەوێت، بەڵام پێویستە لەم بوارەدا کەرتی تایبەت بێتەمەیدان بۆیرانە پەرە بەم بوارە بدات من پێ یان دەڵێم باوەڕبکەن زەرەری تیاناکەن، ئەوەتا ئەوهەموو فیلم و زنجیرە دراما بیانیانەی کەدەیانبینین، خۆ هەمویان کەرتی تایبەت بەرهەمیان دەهێنن، هەمویان پەیوەست نین بە کەرتی گشتیەوە، کەرتی گشتی و هیچ دەوڵەتێکیش ناتوانێت پشتگیری ئەوهەموبەرهەمانە بکات، گەر هوشیاری و زرنگی و وبوێری کەرتی تایبەت ئاوێتەی ئەم هونەرە نەبێت.

هۆکارچیە کەبینەر لەدرمای کوردی تێزاوە؟

بینەر لەدرامای کوردی نەتێزاوە، بەڵکو نەبوون وکەمی بەرهەمی خۆماڵیە ، بەڵگەش بۆ ئەم لایەنە ، هەموان دەبینین لەکاتی نمایشکردنی فیلمەکان لە هۆڵەکان بینەر بەچ وورووژمێک ڕوودەکەنە هۆڵی نماشەکان، ئێمە میللەتێکی پێنج ملیۆن کەسین، دەبینین دەیان هەزارکەس ڕوودەکەنە هۆڵەکانی نمایش کەدیسان ئەمەش نیشانەی دڵخۆشی و گەشبینیە.

چی دەربارەی فیلمی دۆبلاژکراو دەڵێی کەلەکەنالەکان پشان دەدرێت؟

من ئەڵێم تاوانە پارەی ئەم وڵاتە لە دۆبلاج کردنی هەندێ لەو فیلم و دراماینانە خەرج بکرێت، چونکە ڕاستەوخۆ لە خزمەت نەهج وکەلتور و بیری بێگانەدایە، واتە بەپارەی خۆمان ئامانجەکانیان بۆ بەجێدەهێنین!

ئەو وێستگەو گوروپە هونەریانەی (جەلیل سەعید) کاری تێداکردوون چیبوون ؟

من لەچەند شوێن کارم کردوە لێرە ئاماەبەهەندێکیان دەدەم: (تیپی شانۆی ڕاستی دوکان، تیپی شانۆی شەهیدانی هەڵەبجە ، تیپی شانۆی سلێمانی، تیپی شانۆی سالار، تیپی نواندنی هەڵەبجە ،بەڕێوە بەرایەتی سینەما و شانۆی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر، بەڕێوە بەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە) لەگەڵ هەندێ هونەرمەند و دەرهێنەری تری سەربەخۆ.

لە ئاکامی ئەم هەموو خرمەت و بەرهەمە زۆرەی تۆزا، کاردانەوە و ئەرێنی بینەر و لایەنە سیاسییەکان چی بووە لەڕووی ڕێز و خۆشەویستیان بۆ هونەرەکەتان و خەرمانی پڕهونەرتان؟

سەبارەت بەکاردانەوەی بێنەر دەتوانم پۆلێنی بکەم بەسەر دوو لایەندا، لایەنێک هاندەرو پشتگیرم بوون، ئەوانەی بڕوایان بەئازادی تاک و هونەر و ڕۆشنبیری کوردیە، لایەنێکیش هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا بەچاوێکی ناشیرین و دژە ئاین و کلتوور وەریدەگرن، کە تەنانەت لە کەسانی نزیک خۆم کە بەپەنجەی دەست دە ژمێردرێن ئەمکارانەی من بەدژە کلتوور ناودەبەن ، ئەوە لایەنی سیاسی و هەندێ مەلای ئاینی کەڕۆڵی سلبی دەبینن لە ناشرینکردن و ڕەشکردنی هونەرو ستاتیکا و ئازادی تاک و جوانیەکانی ژیان .

*** دوا وتەت چییە ؟**

دەڵێم لێگەڕێن دنیا بەڕەنگاوڕەنگیەوە جوانە، لێمان لیخن مەکەن، هەموو ژیانمان لە دوو ڕەنگی (ڕەش و سپی) دا قۆرغ مەکەن.





ئەکتەر لە دوو کاری شانۆییدا



ئافرەتێکی کورد لە کاتی نان کردندا



جیهان هاشم دەدرێتە دادگا

هەمزە سەرحان / خەبات:

خانمە مەیکەپ و ئارتیست جیهان هاشم پاش ئەوەی کۆمەڵێک وێنەی بڵاوکردەوە لە نێو مزگەوتی (ندا) دەنگدانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا. لە بەیاننامەیەکدا دیوانی وەقفی سوننی ڕایانگەیاندووە کە مزگەوت شوێنی پەرستشە نەک وێنەی خۆڕمایشکردن، هەر بۆیە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەو بابەتە پێکهێندراوە. هاوکات بەپێی بەیاننامەکە جیهان هاشم لە کاتی دەوامی فەرمیدا نەچۆتە مزگەوتەکە و مۆڵەتیشی وەرنەگرتووە، هەر بۆیە لەسەر ئەو کارەی دەدرێت بە دادگا.



کۆمپانیای نایک پێڵاوێکی وەرزشیی زیرەکی دروستکرد

کۆمپانیای نایک دروستکردنی پێڵاوێکی وەرزشیی زیرەکی ڕاگەیاند، کە دەتوانرێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مۆبایلەوە چاودێری و تۆماری جوڵەکانی وەرزشکار بکات.کۆمپانیاکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، پێڵاوەکە لە ئێستادا بۆ یاریزانانی باسکە دروستکراوە و نرخەکەی نزیکەی ٣٥٠ دۆلارە و، لە ڕێگەی تۆماری جوڵەکانەوە دەتوانرێت توانا و وردی و هەڵەکانی یاریزانەکە دیاریبکرێت و، لەو ڕێگەیەوە ڕێنمایی بکرێت. ئەوەش باسکراوە، ئامێری پێوانەیی خێرایی و هەستەوەری جیاوازی تێدایە، کە لەکاتی ڕاکردنی یاریزانەکاندا بە وردی زانیارییەکان تۆماردەکات.هەروەها بە ئاسانی خۆی لەگەڵ قەبارەی قاچی یاریزانەکە دەگونجێنێت، بە شێوەیەک هەست بە ئارامی و حەوانە بکات.